ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کۆچ (IOM)- عێراق

# خستنەڕووێکی گشتی ئاوارەیێ شارنشینی لە عێراق



DTM
IOM DISPLACEMENT TRACKING MATRIX

ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کۆچ پابەندە بە بنەمای کۆچکردنێکی مرۆڤانە و ڕێکخراو کە سوودی بۆ کۆچبەران و کۆمەڵگە هەیە. وەک ڕێکخراوێکی حکومی نێودەڵەتی، ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کۆچ لەگەڵ هاوبەشانی لە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی کار بۆ: یارمەتیدانی چارەسەرکردنی ئالنگارییەکانی کۆچکردن، باشتر تێگەیشتنی گیروگرفتەکانی کۆچبەری، هاندانی گەشەسەندنی کۆمەڵایەتی و ئابووری لەڕێگەی کۆچبەریەوە و پاراستنی شکۆی مرۆڤ و خۆشگوزەرانی کۆچبەران دەکات.

ئەو دیدوبۆچوونانەی لەم ڕاپۆرتەدا دەربڕدراوە تەنیا بۆ خودی نووسەرەکان دەگەڕێتەوە و لەبنەڕەتدا ڕەنگدانەوەی ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کۆچ نین. زانیارییەکانی ناو ئەم ڕاپۆرتە، تەنها مەبەست لێی زانیاری گشتین. ئەو ناو و سنوورانەی کە لە ناو پەڕاوی تۆماری بەدواداچوونی ئاوارەکان دایە بە واتای پەسندکردن یان ڕەزامەندبوون لە لایەن ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کۆچ نایەن.

ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کۆچ لە عێراق هەوڵدادەت  کە ئەوەندەی بکرێت ئەو زانیاریانە بە دروستی بپارێزێت، بەڵام هیچ بانگەشەیەکیش بۆ تەواوەتی و وورد و دروستی و گونجاویەتی ئەو زانیاریانەی نێو ئەم ڕاپۆرتە ناکات- بەدەربڕین بێت یان بەڕاگەیاندن بێت.

ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کۆچ

ناونیشان: کۆمەڵگەی یۆنامی (دیوان٢)، ناوچەی نێودەوڵەتی، بەغداد/عێراق

ئیمێل: IOMIRAQ@IOM.INT

ماڵپەڕ: IRAQ.IOM.INT

© ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کۆچ (IOM) ٢٠٢١

هەموو مافەکان پارێزراون. نابێت هیچ بەشێکی ئەم بڵاوکراوەیە دووبارە بەرهەمبهێنرێتەوە، لە نێو سیستەمێکی گەڕاندنەوەدا هەڵبگیرێت، یان بگوازرێتەوە بەهەرجۆرێک یان ڕێگە و هۆکارێکی ئەلیکترۆنی، میکانیکی، چاپکردن و تۆمارکردن، بەبێ مۆڵەتپێدانی بەنووسراوی پێشوەختەی لایەنی بڵاوکەرەوە.

# ناوەڕۆک


| | |
|---|---|
| کورتکراوەکان | ٤ |
| پێشەکی | ٥ |
| پوختەی ڕێبازی راپۆرتەکە | ٦ |
| تایبەتمەندییەکانی ئاوارەبوونی شاریی | ٩ |
| پاڵنەرەکانی ئاوارەبوونی شاریی درێژخایەن | ١٣ |
| فاکتەرەکانی پەیوەست بە شاری ئاوارەبوون | ١٣ |
| ڕەزامەندی وەرگرتن و ئاوارەکانی سەر بە کوێن | ١٩ |
| فاکتەرەکانی پەیوەست بە ناوچەی زێد | ٢١ |
| هۆکارە کاریگەرەکانی دیکە | ٢٦ |
| ئەنجام | ٢٦ |
| پاشکۆکان | ٢٧ |

# کورتکراوەکان

| | |
|---|---|
| ناوچەی ئاوارەبوون | AoD |
| ناوچەی زێد | AoO |
| تۆماری بەدواداچوونی ئاوارەبوون | DTM |
| خێزانەکان | HHs |
| سەرۆکی خێزان | HoHH |
| ئاوارە ناوخۆییەکان | IDPs |
| هەرێمی کوردستانی عێراق | KRI |
| وەزارەتی کۆچ و کۆچبەران | MoMD |
| وەزارەتی کۆچ و کۆچبەران | IOM |

# پێشـــــەکی


**لەبەرئەوەی ئاوارەبوون لە ناوخۆی عێراق دا بە شێوەیەکی زیاتر درێژەی کێشاوە بۆ ئاوارە ناوخۆییەکان (IDPs)، توێژینەوەی زیاتر پێویستە بۆ تێگەیشتن لە هۆیەکان و لە بەرەوپێشچوونەکان بەرەو چارەسەرە هەمیشەییە شیاوەکان: گەڕانەوە، یەکخستن یان دووبارە نیشتەجێکردنەوە.[1]**

تۆماری بەدواداچوونی ئاوارەبوون (DTM) ی ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کۆچ (IOM) ئەم توێژینەوە لەسەر ئاستی خێزان ئەنجامدا بۆ ئاوارەبوونی شارەکان و ئامانجی سەرەکیشی پاڵپشتیکردنی پلانی بەڵگەدار بوو بۆ کۆمەڵگەی مرۆیی و حکومەتی عێراق لە بەدەمەوەهاتنی ئاوارەبوونی درێژخایەن لە قۆناغی دوای باری کتوپڕو فریاکەوتنی دەست بەجێ.

ئەم ڕاپۆرتە داتای ئەو توێژینەوە خێزانیە دەخاتەڕوو و تیشک دەخاتە سەر ئاراستەکان و بەراوردکارییەکانی نێوان ناوەندە شارییە هەڵسەنگێندراوەکان. بەشی یەکەم ڕوونکردنەوەیەکی کورت و پوختی ڕێبازەکەیە. لەبەشی دواتردا، ڕاپۆرتەکە لێکۆڵینەوە لە تایبەتمەندییەکانی دانیشتوانی ئاوارەبووی شار دەکات و چۆن ئەو ئاراستە و جموجۆڵە دیمۆگرافیانەی ئاوارەبوون لە سەرانسەری شارەکانەوە لە یەکتری جیاوازە. لەبەشی سێیەم دا، پاڵنەرەکانی ئاوارەبوونی شاریی لەبەرچاودەگیرێن، لەوانەش: فاکتەرەکانی ناوچەی ئاوارەبوون، بەربەستەکانی بەردەم گەڕانەوە بۆ ناوچە سەرەکییەکانی خۆیان و فاکتەرە دیمۆگرافیە - کۆمەڵایەتییەکانی دیکە کە کاردەکاتە سەر دەستنیشانکردنی چارەسەرێکی هەمیشەیی. ڕاپۆرتەکە کۆتایی دێت بەو پەیڕەو و پرۆگرامانە کە ئامانج لێی ڕوانینە لە پاڵنەرەکانی کەمدەرامەتبوون لە شارەکان وەکو شوێنی سەرەکی پێشوازیکردن لە ئاوارەکان ماونەتەوە بە درێژای ماوەکانی شەڕ و ململانێ و ئاوارەبوون لە عێراق دا. ئەم دیاردەیەش تازە نییە، لەبەرئەوەی کۆچکردن (بە دەرکردنە بە زۆرەکانیشەوە) و کۆچکردن بۆ شار زۆر پەیوەست بەیەکەوە، بەڵام پێوەر و سروشتی درێژخایەنی ئاوارەبوون کە لەقەیرانی ساڵی ٢٠١٤ هاتە ئاراوە شارەکانی کردە بەردەست ترین بژاردەی بەردەم ئاوارەکان، بەتایبەتیش کاتێک بە شێوەیەکی دووبارە و بەردەوام ئاوارەدەبوونەوە، یان کاتێک چیتر گەڕانەوە بژاردەیەک نەبوو بۆیان. پشکی ژمارەی دانیشتوانی ئاوارەبووی کە ناوچە لادێییەکان لەخۆی گرتبوو، تاڕادەیەک بە نەگۆڕی ماوەتەوە لە ماوەی ئەم دوو ساڵەی دوایدا. پرۆسەی تێکەڵکردن و داخستنی کامپەکانیش، کە لەسەرەتای ساڵی ٢٠١٩ وەوە لە لایەن حکومەتی عێراقەوە دەستپێکرد، وایکردووە کە تاڕادەیەک ژمارە و ڕێژەی ئاوارەکانی شار و دەوروبەری شار زیاتر بن، کە جێهێشتنی کامپەکان لەلایەن خێزانەکان پاڵنەربووە و وایکردووە ئەو خێزانانە توشی ئاوارەبوونی لاوەکی بۆ شارەکان بن.[2]

هەبوونی ئەمنیەت، دەستگەیشتن بە خزمەتگوزارییەکان، دەرفەتەکانی کار وکاسبی بژێوی ژیان پەیداکردن لە ناوەندی شارەکان دەبێتەهۆی جەخت خستنە سەریان لە لایەن خەڵکی ئاوارەبووە وە. ئەو دە شارەی کە ڕووپێوی کران بۆ توێژینەوەکە و بوونەتە چەقی ئەم ڕاپۆرتە، هەموویان دە سەرەکیترین شاری پێشوازیکردن لە ئاوارەکان بوون، هەموو ئەو شارانەش بەیەکەوە نزیکەی نیوەی ژمارەی ئاوارەکانی دەرەوەی کامپەکانیان لە خۆگرتبوو لە عێراق دا کە لە (٪٤٧)ە. هەربۆیە، تێگەیشتن لە هەلومەرجەکانی خەڵکانی ئاوارەبوو لە ناوەندە شارییەکان، هەبوونی لێکچوون و جیاوازی لە نێوان ئەو ناوەندە شارییانە خاڵێکی زۆر گرنگە بۆ تێگەیشتن لە ئاوارەبوونی درێژخایەن و هەستکردن بە چارەسەرە هەمیشەییە گونجاوەکان.[3]

شێوەی ١: شوێنی ئاوارەبوون بە پێی کات





١ چوارەچێوەی کاری لێژنەی هاوبەشی نێو ئاژانسەکان (IASC) وادادەنێت کە ئاوارەکان گەیشتوونەتە چارەسەرێکی هەمیشەیی کاتێک ئەو ئاوارانە چیتر ڕووبەڕووی جیاوازیکردن و شتی نەرێنی نابنەوە لەسەر بنەمای بارودۆخی ئاوارەبوونیان. ئەو پێنج پێوەرەی کە لە لیستەکە دا ڕیزبەندکران بریتین لە: خانووی نیشتەجێبوون، زەوی، موڵک-بەڵگەنامە کەسییەکان بەڵگەنامەکانی دیکە-یەکگگرتنەوەی خێزان- هەبوونی دادپەروەری- و بەشداریکردنی لە کاروباری گشتی. زانیاری زیاتر لەم لینکە بەردەستە: https://interagencystandingcommittee.org/other/iasc-framework-durable-solutions-internally-displaced-persons

٢ ئەو ئەنجامانە و شێوەی ١ لە لیستە سەرەکییەکانی ڕێژەی سەدی ئاوارەکان بە پێی شوێن وەرگیراون لە (کانوونی یەکەمی ٢٠١٤ تا کانوونی یەکەمی ٢٠٢٠).

٣ داتایەکانیش لە لیستە سەرەکییەکانی ڕێژەی سەدی ئاوارەکان بە پێی شوێن وەرگیراون لە (کانوونی یەکەمی ٢٠١٤ تا کانوونی یەکەمی ٢٠٢٠).

نەخشەی ١: نموونەی ناوەندە شارییەکان بە پێی ژمارەی دانیشتوانی خەڵکانی ئاوارەبوو (ئابی ٢٠٢٠)




# پوختەی ڕێبازی ڕاپۆرتەکە

**ئەم توێژینەوەیە جەخت دەخاتە سەر هەندێک لەو ناوەندە شارییانەی کە ژمارەیەکی زۆری خەڵکانی ئاوارەیان لە خۆگرتووە لە عێراق دا، داتایەکەشی لە ئاستی خێزان کۆکراوەتەوە تاوەکو دەرئەنجامێکی وابدات بە دەستەوە کە ڕەنگدانەوە و نوێنەرایەتی شارەکە بکات لە ئاستی نەتەوەیی دا.[4]**

ئەم بەشە پوختەیەکی ڕێبازی توێژینەوە و ڕاپۆرتەکە نیشاندەدات. بەڵگەنامەی پڕ ووردەکاری ڕێبازی کارەکە بەردەستە لە Understanding Urban Displacement: Methodology ئەو داتایە کە هەیە لەسەر ئاوارەکان، یان مەترسی ئاوارەبوونی درێژخایەن بەکارهێنرا بۆ دیاریکردنی ئەو ناوەندە سەرەکییە شارییانە کە ئەم توێژینەوەیە جەختیان لەسەر دەکاتەوە. ئەم شوێنانەش هەڵبژێردران بە ئامانجی تێگەیشتن بۆ بەرەوپێشچوون و زانینی ئەو ئاڵنگارییانەی کە پەیوەستن بە گەیشتن لە چارەسەری هەمیشەیی ئاوارەبوون. بۆ ئەم مەبەستەش، ئاوارەبوونی درێژخایەن بە ماوەی سێ ساڵ ئاوارەبوون یان زیاتر پێناسەکراوە، هەموو ئەو ئاوارانەش دەگرێتەوە کە لەئەنجامی قەیرانی ٢٠١٤ ئاوارەبوون (یان دووبارە ئاوارەبوونەوە بەهۆی قەیرانی ٢٠١٤، ئەگەر خۆیان پێشووتر بەزۆر ناچار کرابن لە شوێنێکی دیکە نیشتەجێبن بەر لە ٢٠١٤).[5] هەروەها، توێژینەوەکە هەموو ئەو ئاوارانە دەگرێتەوە کە لە کۆمەڵگە خانەخۆییەکانن، نەک لە کامپەکان، لەبەرئەوەی بارودۆخی ئاوارەکانی لەکامپەکاندا بەرادەیەکی زۆر جیاوازە، ئەو ئاوارانەشی لە نێوان کامپەکان و خانەخۆییەکانن دەگرێتەوە.

ئەو شارانەشی کە بۆ توێژینەوەکە هەڵبژێردران بریتی بوون لە بەغدا - ئەبو غرێب، بەعقوبە، دهۆک، هەولێر، کەرکووک، موسڵ، سلێمانی، تکریت، توز خورماتوو و زاخۆ. ئەم ناوەندە شارییانەش

4 دەرئەنجامەکانی شوێنی یەکخراوی ٥ ی (٢٠٢٠) ئەوە نیشاندەدەن کە لە ٦٤٪ ئاوارەکان لە ناوەندە شارییەکان دەژین لە سەرانسەری عێراق دا، لە ٢٤٪ شیان لە کامپەکانن، لە ٣٪ شیان لە لە ناوچەکانی دەوروبەری شارن و لە ٩٪ شیان لە ناوچە لادێییەکانن. زانیاری زیاتر لە: http://iraqdtm.iom.int/ILA5 هەیە.

5 بەگشتی ئاوارەبوونی درێژخایەن بە هەلومەرجێک وەسفدەکرێت کە تیایدا ئاوارەکان ڕێگریان لێدەکرێت ناهێڵدرێت دەستیان بەو چارەسەرە هەمیشەییانە بگات کە ئاوارەبوون، کەمدەرامەتیان، هەژاری و نەداری بوون و پەراوێزخستنیان کەمدەکاتەوە. پێوەری پەیوەست بەم دەستنیشانکردنە پەیوەندی بە ماوەی ئاوارەبوون (کە نووسینگەی کۆمسیونی باڵای پەنابەرانی سەر بەنەتەوە یەکگرتووەکان UNHCR پێناسەی کردووە بە ٣ ساڵ یان زیاتری ئاوارەبوون)، ئەو شوێنانەش کە چارەسەرە هەمیشەییەکانیان بۆ ناشێت (بە واتەیەکی دیکە، گەڕانەوە، نیشتەجێبوون لە شوێنی ئاوارەبوون، یان دووبارە نیشتەجێکردنەوە لە شوێنی سێیەم)، بەردەوامی ئەمەش دەوەستێتە سەر هاوکارییە مرۆییەکان لەوکاتەی کە بارودۆخی ئابووری یان بەرەوپێش ناچێت یان خراپتر دەبێت، هەروەها بەردەوامی یان خراپتربوونی کاریگەرییە دەروونیە-کۆمەڵایەتیەکان لەسەر ئاوارەبوون و پەراوێزخستن درێژەی هەیە.

بەهۆی بەکارهێنانی لیستی سەرەکی ژمارە ١١٢ ی تۆماری بەدواداچوونی ئاوارەبوون (ئابی ٢٠١٩، کە تازەترین لیست بوو لە کاتی دەستنیشانکردنی نموونە)، ڕەچاوی ئەو شوێنانەش کراوە کە لەدەرەوەی کامپن و زۆرترین ئاوارەیان هەیە، خستنەڕووی شوێنە لادێییەکان نەگرێتەوە. بۆ ئەم هەڵسەنگاندنەش، گەڕەکە شارییەکان بەو گەڕەکانە دانران کە بە تەواوی پشت بە ناوەندی دابەشبوونی جوگرافی پارێزگاکان بە پێی ژمارەی خەڵکانی ئاوارە و هەروەها بەردەستبوونی هەلومەرجە ئەمنییەکان.[6]

دوای دەستنیشانکردن، ژمارەی خەڵکانی ئاوارەی هەر ناوەندێکی شار لەسەر ئاستی گەڕەک خرایەڕوو تا نیشانی بڵاوبوونەوەیان بدات لە سەرانسەری شارەکە یان شارۆچکەکە. تیمەکانی وەڵامدانەوە و بەدەمەوە هاتنی خێرای (RARTs) تۆماری بەدواداچوونی ئاوارەبوون (DTM) ی ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کۆچ (IOM) زانیارییە پڕ ووردەکارییەکەی خۆیان بەکارهێنا کە لەسەر شوێنەکان هەیان بوو بۆ دیاریکردنی ئەو گەڕەکانە کە بە بەشێک لە ناوەندی شار هەژمار دەکرێن، بۆ ئەوەی شوێنەکانی دەوروبەری شاروبۆ نموونەکانیش، هەر ناوەندێکی شاریی بە جیا مامەڵەی لەگەڵ کرا و بەگوێرەی قەبارە و ژمارەی ئاوارەکانی ئەو گەڕەکانە بوو کە ئاوارەکای تێدا بڵاو ببۆوە. لەهەندێک شوێنیش نموونەکردن لەسەرووی ڕێژەی ئاسایی جێبەجێکرا بۆ دڵنیابوونەوە لەوەی کە ئەو داتایانەی وەردەگیرێن هی هەموو قەزا وپارێزگایەکی زێد بن، ئەمەش بۆ باشترکردنی چووستی و دروستی کۆی گشتی نموونەکان ئەنجامدرا.

خشتەی ١: دابەشکردنی نموونە[7]

| شار | دانیشتوان | | نموونە | |
|---|---|---|---|---|
| | ژمارەی شوێنەکان | ژمارەی خێزانەکان | ژمارەی شوێنەکان | ژمارەی خێزانەکان |
| بەغدا و ئەبوغرێب | ٣٦٥ | ٤,٨١٩ | ٧٤ | ٤٥٢ |
| بەعقوبە | ١٦ | ٢,٢٩٩ | ١٦ | ٣٣٠ |
| دهۆک | ٤٤ | ٥,٩٧٢ | ٤٤ | ٣٤٣ |
| هەولێر | ٩٣ | ٢٠,٦٠٤ | ٦٨ | ٥٠٠ |
| کەرکووک | ٣٨ | ١٢,١٠٤ | ٣٨ | ٣٩٦ |
| موسڵ | ٨٦ | ١٧,٥١٢ | ٦٢ | ٤٨٦ |
| سلێمانی | ١٥١ | ١٠,٠٣٥ | ٧٢ | ٥٢٥ |
| تکریت | ٢٣ | ١,٨١٥ | ٢٣ | ٣٠٨ |
| توز خورماتوو | ٨ | ٣,٢٨٨ | ٨ | ٣٣٢ |
| زاخۆ | ١٣ | ٦,٨١٩ | ١٣ | ٣٥٠ |
| **کۆی گشتی** | **٨٣٧** | **٨٥,٣٦٧** | **٤٢٢** | **٤,٠٢٢** |

کارمەندانی ئامار و ژماردن خێزانەکانیان بۆ چاوپێکەوتن هەڵبژارد بە بەکارهێنانی دیاریکردنی هەڕەمەکی شوێنەکان بەهۆی (GPS) جی پی ئێسەوە - سیستەمی شوێن دیاریکردنی جیهانی و نزیکترین خێزانەکان لە خاڵی جی پی ئێسەوە دەستنیشانکران. دیاریکردنی سەرنەخشە بەهۆی تەکنەلۆژیاوە بە (ArchGIS Beta) و ئامێری داتا کۆکەرەوەی لە ڕێگەی تەکنەلۆژیا و مۆبایلەوە (ODK) بەکارهێنرا بۆ دەستنیشانکردنی خێزانەکان و کۆکردنەوەی داتا.

**ئەم پێناسانەی خوارەوە لە تەواوی پەڕەی خستنەڕووی ڕاستییەکان بەکارهێنراون:**

**بەردەستبوونی بڕی پێویست و باش:**[8] تۆماری بەدواداچوونی ئاوارەبوون پێرستێکی تێکەڵەی دروستکرد بۆ باشتر دەستگەیشتن بە ژێرخان و خزمەتگوزارییەکان. هەموو دەرخەرەکانیش بە ژمارەی ئەو ئاوارانەی لەو شوێنە دەژین دەوڵەمەندکران کە تیایدا باسی ئەوەش لە ڕاپۆرتەکە کرابوو کە چۆن و چەند هەلومەرجی هەر یەکێک لەو شوێنانە زۆر خراپە، ئەمەش بەهۆی بەکارهێنانی پێوەرێکی سێ خاڵی، زۆرخراپ، مامناوەند لەڕووی خراپ و کەم خراپی. بۆ خزمەتگوزاری و کارئاسانیە هەڵسەنگێندراوەکان تاوەکو بە بڕی پێویست ڕەچاوبکرێن، دەبوو شوێنەکە بەلایەنی کەمەوە ١٣ لەو ١٧ پێوەرەی خوارەوەی تێدا بێت:

- **ئاو و کارەبا:** بەلایەنی کەمەوە لە ٧٥٪ ی دانیشتوانی ئەو شوێنە بە تۆڕی کارەبای نیشتیمانیەوە بەرستراینەوە و بە لایەنی کەمەوە لە ٧٥٪ یشیان ئاوی بەلوعەیان هەبێت.
- **قوتابخانەی بنەڕەتی و قوتابخانەی ئامادەیی، نۆرینگە پزیشکییەکان، نەخۆشخانەکان، مارکێتەکان، شوێنەکانی پەرستن و بنکەی پۆلیس:** دەبوو ئەم خزمەتگوزارییانە لە دووری ٥ کیلۆمەتر بەردەست بێت، نەخۆشخانەش لە دووری ١٠ کیلۆمەتر بەردەست بێت.

٦ لیستی سەرەکی ژمارە ١١٢ بۆ نموونەکانی سەرتا بەکارهات، دواتر یەک بەدوای یەکدا بۆ شارەکانی هەولێر، دهۆک، زاخۆی، سلێمانی و موسڵ داتا کۆکرایەوە. دوای دەستکردن بە داتا کۆکردنەوە، سنووردارکردنەکانی هاتوچۆ بەمەبەستی کەمکردنەوەی بڵاوبوونەوەی نەخۆشی ڤایرۆسی کۆرۆنا،کۆڤید-١٩، جێبەجێکران لە عێراق و کۆکردنەوەی داتا بۆ ماوەیەکی کاتی وەستا. بەرلەوەی داتاکۆکردنەوە لە ئەیلولی ٢٠٢٠ دەستپێبکاتەوە، نموونەی ئەو پێنج شوێنەی کەماوە (بەغدا- ئەبوغرێب، بەعقوبە، کەرکووک، تکریت و توزخورماتوو) نوێکرایەوە بە بەکارهێنانی لیستی سەرەکی ژمارە ١١٧.

٧ نموونەی هەولێر، دهۆک، زاخۆ، سلێمانی و موسڵ لە کانوونی یەکەمی ٢٠١٩ بە بەکارهێنانی لیستی سەرەکی ژمارە ١١٢ وەرگیران، نموونەی بەغدا - ئەبوغرێب، بەعقوبە، کەرکووک، تکریت و توزخورماتوو لە ڕێگەی بەکارهێنانی لیستی سەرەکی ژمارە ١١٧ ی ئەیلولی ٢٠٢٠ تازەکرایەوە.

٨ ووردەکاری زیاتر لەسەر دەرخەری تێکەڵەی ژێرخان و خزمەتگوزارییەکان لە ئاوارەبوونی شاریی لە عێراق هەیە: پەڕەی ڕاستی نیشاندەرەکانی شیکاری بەرایی کە وەکو بنەمایەکی ئەم توێژینەوەیە بەکارهاتووە و بەردەستە لە http://iraqdtm.iom.int/DurableSolutions. هەموو دەرخەرەکان تازەکراونەتەوە لەگەڵ داتای شوێنی یەکخراوی ٥.

- دادگاکان، خزمەتگوزارییە یاسایەکان بۆ کێشە و گرفتەکانی شوێنی نیشتەجێبوون، زەوی و موڵک و ماڵ (HLP)، نووسنگەکانی دابەشکردنی گشتی (PDS) و بەڕێوەبەرایەتیە مەدەنییەکان: ئەو خزمەتگوزارییانە کارابن و لە شارەدێی-ناحیەکە دا هەبن.
- هەبوونی توالێتێکی گشتی، خزمەتگوزارییەکانی کۆکردنەوە و فرێدانی زبڵ وپاشماوە و پێکوتەی بەرگری بۆ کۆمەڵگە.

**ڕێژەی تەمەن:** ئەم ڕێژەیە پەیوەستە بە ژمارەی منداڵان (لەنێوان ٠ بۆ ١٧ ساڵان) و کەسانی تەمەن لە نێوان (٦٠ ساڵ و بەرەو سەرەوە) بە بەراورد بە ڕێژەی تەمەنی ئەو کەسانەی کە کاردەکەن یان تەمەنی هاولاتیانی چالاک کە لە نێوان (١٨ بۆ ٥٩ ساڵان دایە).

**ڕێژەی دانیشتوانی ئاوارەبوو:** ئەم ڕێژەیە ڕێژەی دانیشتوانی ئاوارەبووە لە هەر شارێکدا. خەمڵاندنی ئاوارەبوون بە گوێرەی ئاماژەدانی لیستی سەرەکی ژمارەی ١١٧ ی تۆماری بەدواداچوونی ئاوارەبوون لە ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کۆچ (ئابی ٢٠٢٠)، لەوکاتەی خەمڵاندنەکانی دانیشتوانی ئاوارەبووی شار بە گوێرەی شێوەکانی ساڵی ٢٠٠٩ یەو بە پێی خەمڵاندنە فەرمییەکانی دانیشتوانی شارە لەسەر ئاستی شارەدێ بە پێی لیستی خێزانە.[٩]

**ڕێژەی ڕەگەز (نێر و مێ):** ئەم ڕێژەیەی نێر و مێ هی دانیشتوانی ئاوارەکانە. بۆ نموونە، ڕێژەی ڕەگەز بە ١١٢، واتە، ڕێژەی نێر کەمێک لە ڕێژەی مێ زیاترە بە ١١٢ نێر بەرانبەر بە ١٠٠ مێ.

**سەرچاوە جێگیرەکانی داهات:** ئەو داهاتەی بە شێوەیەکی ئاسایی لە مووچەی کارکردن دەستیاندەکەوێت (جا لە کەرتی گشتی یان تایبەت بێت)، مووچەی خانەنشینی، هەبوونی کار و بزنسێک یان بەکرێدانی موڵکێک کە بەشێوەیەکی بەرچاو مانگ بەمانگ گۆڕانکاری بەسەردا نایەت.

**ئەو خێزانانەی کە لەلایەن ئافرەتەوە سەرۆکایەتی دەکرێن:** واتە ئەو خێزانانەی کە لەلایەن ئەندامێکی ئافرەتی خێزانەکەوە سەرۆکایەتی دەکرێت.

**بەڵگەنامە ناسانامەییە زۆر گرنگەکان:** ئەو بەڵگەنامانەی کە زۆر بە گرنگ دادەنرێن بۆ مەبەستەکانی ئەم توێژینەوەیە بریتین لە: ڕەگەزنامەی نیشتیمانی - عێراقی یان ناسنامەی باری کەسی، گرێبەستی هاوسەرگیری، بەڵگەنامەی لەدایکبوون، کارتی نیشتەجێبوون، کارتی سیستەمی دابەشکردنی گشتی، تۆماری وەزارەتی کۆچ و کۆچبەران (MoMD)، بەڵگەنامەی مردن، ئەمانە هەموویان زۆر بە گرنگ دادەنرێن بۆ ئەم توێژینەوەیە.[١٠]

**زەحمەتییەکانی بەردەم کارکردن:** پرسیارەکانی گروپی واشنتن لە ئاماری خاوەن پێداویستی تایبەت بوون زاراوەی زەحمەتییەکانی بەردەم کارکردن بەکاردەهێنێت لەبڕی خاوەن پێداویستی تایبەت بوون. ئەم بژاردەیەش بەمەبەستی جەخت خستنەسەر ئەوانەیە کە زەحمەتی دەبینن لە جێبەجێکردنی ئەرکە بنەڕەتییە جیهانییەکان بۆ دەستنیشانکردنی ئەوانەی کە ڕووبەڕووی مەترسی زیاتری پشتگوێ خستنی کۆمەڵایەتی دەبنەوە لە نێو دانیشتوان ئەگەر ژینگە کە لە بارنەبێت و نەیان گرێتەخۆ. هەروەها پشتڕاستکردنەوەی خاوەنپێداویستی تایبەتبوون پێویستی بە دەستنیشانکردنی پزیشکی هەیە کە ناکرێت لەماوەی سروشتی هەڵسەنگاندنێکی لەم جۆرە لێی دڵنیابینەوە.[١١] پرسیارەکان پێوەرێکی چوار خاڵی بەکاردێنن لە (١) واتە نا، زەحمەتی کارکردنی نییە، (٢) بەڵێ هەندێکی هەیە، (٣) بەڵێ زەحمەتی زۆری هەیە، (٤) بە هیچ شێوەیەک ناتوانێت هیچ بکات. بۆ ئەم توێژینەوەیەش، پێوەری ڕاسپێردارو بەکار هێنرا تا بەهۆیەوە هەرتاکێک ڕەچاوی ئەوەی بۆ بکرێت ئەگەر زەحمەتیان لە کارکردن هەبوو کاتێک خاڵی سێیەم هەڵدەبژێرن لەسەر پێوەرەکە کە بەڵێ زەحمەتی زۆریان لەکارکردن هەیە یان خاڵی چوارەم لەسەر پێوەرەکە هەڵدەبژێرن کە بە هیچ شێوەیەک ناتوانن هیچ بکەن، بەلایەنی کەم ناتوانن یەکێک لەو شەش شتە ئەنجام بدەن.

## دانیشوانی ئاوارەی شار

| | |
|---|---|
| وەرگری زۆر | شارێک لە ٪١٠ یان زیاتری کۆی گشتی حاڵەتەکانی ئاوارەکانی ئێستای دەرەوەی کامپی لە خۆگرتبێت لە ئاستی وڵاتدا. |
| وەرگری مامناوەند | شارێک کە لە لە نێوان لە٪٣ بۆ لە ٪١٠ کۆی گشتی حاڵەتەکانی ئاوارەکانی دەرەوەی کامپەکانی لە خۆگرتبێت لە ئاستی وڵاتدا. |
| وەگری کەم | شارێک کە کەمتر لە ٪٣ کۆی گشتی حاڵەتەکانی ئاوارەکانی دەرەوەی کامپەکانی لوخۆگرتێت لە ئاستی وڵاتدا. |

## ڕێژەی گۆڕان لە دانیشتوانی ئاوارەبوو

ڕێژەی گۆڕان بەکاردێت بۆ تیشک خستنەسەر گەیشتنی شەپۆڵی ئاوارەکان و ڕۆیشتووەکان لە نێوان دووخاڵدا، لەم حاڵەتەشدا لە نێوان لیستی سەرەکی ژمارە ١١٧ لە (ئابی ٢٠٢٠) لەگەڵ لیستی سەرەکی ژمارە ١١١ لە (ئابی ٢٠١٩) دا. ئەگەرهاتوو ڕێژەی گۆڕانێکی ئەرێنی بەدیکرا، ئەوا تیشک دەخاتە سەر زیاتربوونی ژمارەی دانیشتوانی ئاوارەبوو لەماوەی ئامادەکردنی ئەم ڕاپۆرتە. ڕێژەی گۆڕانەکەش بە بەکارهێنانی ئەم پۆلانەی خوارەوە پۆلێنکراوە:

| | |
|---|---|
| جێگیر - نەگۆڕ | شارێک ڕێژەی گۆڕانی بۆ دانیشتوانی ئاوارەبوو لە نێوان لە ٪٠ بۆ ٪-١٠ بێت، ئەوا ئەوە دەردەخات کە ئاوارەکان (یان تەنیا زۆر بەهێواشی شوێنی ئاوارەبوونیان جێدەهێڵن. |
| تاڕادەیەک جێگیر | شارێک کە ڕێژەی گۆڕانی دانیشتوانی ئاوارەبوو لە نێوان ٪-١٠ بۆ لە ٪-٢٠ ە. |
| تاڕادەیەک گۆڕاو | شارێک کە ڕێژەی گۆڕانی دانیشتوانی ئاوارەبووی لە نێوان لە ٪-٢٠ بۆ لە ٪-٣٠ە. |
| گوڕا و ناجێگیر | شارێک کە ڕێژەی گۆڕانی دانیشتوانی ئاوارەبووی لە ٪-٣٠ زیاترە، ئەوا ئەوە دەردەخات کە ئاوارەکان بەخێرایی یان زۆر بەخێرایی شوێنی ئاوارەبوونیان بە جێدەهێلن. |

٩ خەمڵاندنەکان بەردەستن لە: https://www.citypopulation.de/Iraq-Cities.html

١٠ ئەم پێناسەی بۆ بە بەڵگەنامەییکردنی زۆر گرنگی ئەم توێژینەوەیە بەکاردێت، هەموو ئەوانە دەگرێتەوە کە لە هەڵسەنگاندنی پێویستییەکانی کەرتە جۆراوجۆرەکان زۆر بە گرنگ دانراون (هەروەکو لەلایەن گروپی پاراستن و دامەزراوەی شیکارکردنی داتا (REACH) ٢٠٢٠ پێناسەکراوە)، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ڕەچاوی ئەو بەڵگەنامەییکردنە زیادانەش دەکات کە بە پێویست دادەنرێن بۆ ئەوەی بگەن بە چارەسەری هەمیشەیی ئاوارەبوون. هەروەها ڕاپرسینامەکە دەرفەتی ئەوەی بە وەڵامدەرەوان دا کە بەڵگەنامەکانی دیکەش ڕیزبکەن ئەگەر دیار نەبێت و بە گرنگیش دابنرێت. زانیاری زیاتر لە سەر بە بەڵگەنامەییکردنە گرنگەکان بەردەستە لە: https://www.reachresourcecentre.info/country/iraq/

١١ ئاماری خاوەن پێداویستی تایبەتبوونی گروپی واشنتن، چوارچێوەی بیریی کارەکە بەردەستە لە: https://www.washingtongroup-disability.com/about/conceptual-framework/

### ناوچەی زێد

| | |
|---|---|
| هەمەچەشن | شارێک کە لە ٪۸۰ یان زیاتری ئاوارەکان لە هەمان ناوچەی زێدەوە هاتوون |
| تاڕادەیەک هەمەچەشن | شارێک کە لە نێوان لە ٪۵۰ بۆ لە ٪۸۰ ی ئاوارەکان هی هەمان ناوچەی زێدن |
| جیاواز و ناچۆنیەک | شارێک کەهیچ گروپێکی زۆرینەی تێدا نییە کە هی هەمان ناوچەی زێد بن |

### پێکهاتەی کەمەنەتەوەیی - ئاینی

| | |
|---|---|
| هەمەچەشن | شارێک کە لە ٪۸۰ یان زیاتری ئاوارەکان هي هەمان پێکهاتەی کەمەنەتەوەیی-ئاینی بن |
| تاڕادەیەک هەمەچەشن | شارێک کە لە نێوان لە ٪۵۰ بۆ لە ٪۸۰ ی ئاوارەکان هی هەمان پێکهاتەی کەمەنەتەوەیی-ئاینی بن |
| جیاواز و ناچۆنیەک | شارێک کەهیچ گروپێکی زۆرینەی تێدا نییە کە هی هەمان پێکهاتەی کەمەنەتەوەیی-ئاینی بن |

### ماوەی ئاوارەبوون

| | |
|---|---|
| هەمەچەشن | شارێک کە لە ٪۸۰ یان زیاتری ئاوارەکان کە هەمان ماوەی ئاوارەبوونیان هەبێت |
| تاڕادەیەک هەمەچەشن | شارێک کە لە نێوان لە ٪۵۰ بۆ لە ٪۸۰ ی ئاوارەکان کە هەمان ماوەی ئاوارەبوونیان هەبێت |
| جیاواز و ناچۆنیەک | شارێک کەهیچ گروپێکی زۆرینەی تێدا نییە کە هەمان ماوەی ئاوارەبوونیان هەبێت |
| ئاوارەبوونی درێژخایەن | ئەو ئاوارانەی کە پێش تشرینی یەکەمی ساڵی ۲۰۱٦ هەڵاتوون |

# تایبەتمەندییەکانی ئاوارەبوونی شاریی

**ئەو دە شارەی کە ڕووپێوکران دیمەنێکی جیاواز و ناچۆنیەکی هەلومەرجە جیاوازەکان نیشاندەدەن، کە کاتێک بەیەکەوە دادەنرێن، دەتوانن وێنەیەکی گشتگیری ئاوارەبوونی درێژخایەن لە عێراق دا بخەنەڕوو، وە تایبەتمەندی و گۆڕان و بەرەوپێشچوونە سەرەکییەکان بەرەو چارەسەرێکی هەمیشەییش بخەنەڕوو.**

ڕێژەی ئەو ئاوارانەی کە بەر لە تەمموزی ۲۰۱۷ هەڵاتن دەکاتە لەسەروی لە ٪۹۰ ی ئاوارەکان لە سەرانسەری شارەکانی عێراق دا، جگە لە موسڵ کە تیایدا لە ٪۱۹ ی خێزانەکان دوای تەمموزی ۲۰۱۷ گەیشتن، ئەمەش لەبەرئەوەی موسڵ یەکێک بوو لەو شوێنانەی کە دەبوایە لە شەڕ و هێرشی سەربازی لەژێر دەستی دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و شام (داعش) وەربگیرێتەوە. لە پێنج شاردا، چوار شاریان لە هەرێمی کوردستانی عێراقن، هەروەها بەعقوبەش یەک لە هەر لە دە خێزانێک پێشووتر بەر لە قەیرانی ۲۰۱٤ بۆ ۲۰۱۷ ئاوارەببون.

ڕێژەی ئاوارەکان لە زۆربەی شارەکان جێگیر یان تاڕادەیەک جێگیرە،[12] سێ لەو شارانە لە عێراقی فیدراڵن: بەغد-ئەبوغرێب، تکریت و توزخورماتوو، کەتیایاندا دابەزینێکی بەرچاوی لە خەڵکانی ئاوارەبوو بە خۆوە بینی لە ماوەی نێوان ئابی ۲۰۱۹ بۆ ئابی ۲۰۲۰. توزخورماتوو بەرزترین ڕێژەی ئاوارەبوونی هەبوو لەناو خودی قەزاکە کە (لە ٪۹٤) بوو، هەربۆیە، تاڕادەیەک بەر بەراورد بەوانی دیکە نزمبوونەوەکەی لە ژمارەی ئاوارەبووەکانی شارەکە نا جێگیربوو و لەوانەیە ئەمەش لەڕێگەی وورده ووردە باشتربوونی هەلومەرجەکانی شاراکەوە ڕوونبکرێتەوە بەناوچەکانی دەوروبەری شارەکە و شوێنە لادێییەکانی توزخورماتووشەوە.[13] نزیکەی سێ بەشی خێزانە ئاوارەکانی شاری تکریت لە بنەڕەتدا خەڵکی بێجی پارێزگای سەڵاحەدینن بە (لە ٪۷٤)، کە تیایدا دەسەڵاتداران هەوڵی زۆر جدی و کۆنکریتیان داوە تاوەکو ئاشتەوایی عەشایەری بێننەئاراوە و دڵنیابنەوە لە بەڵگەنامەی نەبوونی پێشینەی تاوان و داواکارییە پێویستیەکانی دیکە تاوەکو گەڕانەوەی خێزانە ئاوارەکان دەستەبەر بکرێت.[14] ئاوارەکانی ئەبو غرێبی بەغدا زیاتر فرە ڕەهەندن لە ڕووی ناوچەکانی زێدەوە، کەمتر دەکرێت نزمبوونەوەی ناجێگیری ژمارەی خەڵکانی ئاوارەبوو بە ئاسانی ڕوونبکرێتەوە.


دەکرێت ئاوارەی تازە هاتووی شاری کەرکووک، کە تیایدا ژمارەی خەڵکانی ئاوارەبوو بە لە ٪۳ زیادی کرد، بە ڕادەیەکی زۆر بدرێتە پاڵ داخستنی کامپەکان. ئاوارەبوونی دووەم، لە ناوچەیەکی نا کەمپیەوە بۆ ناوچەیەکی نا کەمپی دیکە هۆی سەرەکی بەرزبوونەوەی تەواوی ئەو ژمارە تۆمارکراوەی ئاوارەکانە کە لە شاری سلێمانی لە (٪۳+) و لە شاری هەولێریش لە (٪۲+).

۱۲ پێناسەکان کراون، ڕێژەی گۆڕان بۆ ژمارەی خەڵکانی ئاوارەبووی کەمتر لە ٪۱۰ (جێگیر) یان کەمتر لە ٪۲۰ بە (تاڕادەیەک جێگیر) ئەمەش ئەوە دەردەخات کە ئاوارەکان یان هەر دەرناچن یان بە هێواشی لە شوێنەکانی ئاوارەبوونیان دەردەچن.

۱۳ پێداچوونەوەی ساڵانەی ناوەڕۆکی گەڕانەوەی ساڵی ۲۰۲۰، کە بەم نزیکانە بەردەست دەبێت، بەرەوپێشچوونی زۆر دیار نیشاندەدات دەربارەی پێویستی هەبوونی ئاشتەوایی کۆمەڵگە لە شارەدێیەکانی سەر بەشاری توزخورماتوو، هەروەها بەرەوپێشچوون و بوژانەوەی کشتوکاڵی ماماوەند و کار و خستنەسەر کاریش بە شێوەیەکی ماماوەند لە شارەدێی سلێمان بەگ نیشاندەدات.


۱٤ گروپی کارکردن بۆ گەڕاندنەوە (RWG) لە ڕاپۆرتیان باسی ئەو پرۆسەیان کردووە کە لە ڕێگەی ڕاپۆرتی "تازە گەڕاوە سەرەکییەکان"، بەتایبەتیش لەوەتەی ئاداری ۲۰۲۰ بووە، بۆ نموونە، بڕوانە ئەم ڕاپۆرتە لە ئەیلولی ۲۰۲۰.

شێوەی ٢: ڕێژەی گۆڕانی دانیشتوانی ئاوارەبوو (ئابی ٢٠١٩- ئابی ٢٠٢٠)




ئەو خێزانانەی کە ئاوارەبوون و نیشتەجێی ناوچەی شارین ژمارەیەکی تایبەتمەندیان هەیە کە وادەکات کەمدەرامەتیان زیاتر بکات: بە نزیکەی لە هەر پێنج خێزانێک یەکێکیان لە لایەن ئافرەتێکەوە سەرۆکایەتی دەکرێت کە زۆرترینیشیان لە بەغداد - ئەبوغرێبە کە ٢٧٪ی خێزانەکان لەلایەن ئافرەتانەوە سەرۆکایەتی دەکرێن)، یان بەلایەن کەمەوە ئەندامێکیان هەیە کە زەحمەتی کارکردنی هەیە، زۆرترینیشیان کە لەراپۆرت دا هاتبێت لە شارەکانی دهۆک و هەولێرن (کە لە ٢٥٪ خێزانەکان).[15] ڕێژەی تەمەن، کە بریتیە لە ژمارەی منداڵان و بە ساڵاچوان کە دەکەونە سەر ئەستۆی خێزان لە سەروی ژمارەی تازە پێگەیشتوان و پێگەیشتوانە کە لە تەمەنی ١٨ بۆ ٥٩ ساڵن دەگرێتەوە، ئەمەش ژمارەیەکی بەرزە لە هەموو شارەکان جگە لە شاری دهۆک نەبێت، ژمارەکەش لە شاری بەغدا- ئەبوغرێب و شاری کەرکووک دەگاتە لوتکە، کە تیایاندا بە نزیکەی لە ٦٠٪ی ئاوارەکان یان لە خوار ١٨ ساڵن یان لە سەرووی ٦٠ ساڵن.[16] ئەو شارانەی کە ڕێژەی تەمەنیان بەرزە کەمترین ڕێژەی ئەو خێزانانە پێکدەهێنن کە بتوانن پێویستیە بنەڕەتییەکانیان جێبەجێبکەن، تەنانەت کاتێک ئەو خێزانانە لە لایەن کەسێکی پیاوە وە سەرۆکایەتی دەکرێن و ئەو پیاوانەش لەو شارەدا کاردەکەن، بە بەراورد بە شارە هەڵسەنگێدنراوەکانی دیکە. ئەمەش دەبێتە ئاڵنگارییەکی سەرەکی بەردەم ئاوارەبوونی شاری درێژخایەن کە تیایدا سەرچاوەکانی داهات بەشێوەیەکی بنەڕەتی پارەی چاودێریکردنی منداڵان و نەخۆش بەساڵاچوو و خاوەن پێدوایستی تایبەتن و ئەمە پارەیەش بڕی پێویست نییە بۆ خێزانە ئاوارەکان کە کەسانێکیان لە ئەستۆیە ڕێژەی لە دایکبوونیشیان لە ئاوارەیی دا ڕوو لەبەرزبوونەوەیە.


شێوەی ٣: دابەشبوونی تەمەنی دانیشتوانی ئاوارەبوو بە پێی شار




١٥ لەهەندێک لە حاڵەتەکان ئەو کەمدەرامەتیانە هەردووکیانن، نەبوونی بڕی پارەی پێویست و هەبوونی کەسێکی خاوەن پێداویستی تایبەت لە خێزانێکدا.


١٦ بارگرانی تەمەن بە ڕێژەی نێوان کەسانی بێ کار و ناچالاک (کەسانی تەمەن ١٧ یان خوار ١٧ ساڵان و کەسانی تەمەن سەروو ٦٠ ساڵن) لەگەڵ کەسانی کارا و چالاک (کە بە کەسانی تەمەن ١٨ بۆ ٥٩ ساڵن) لێکدان و جاران کردنیان بە ١٠٠ حساب دەکرێت. ئەگەر ئاستی ڕێژەی تەمەن بەرزبوو، ئەمە واتە کە ئەو دانیشتوانەی ئاواران ژمارەیەکی زۆر منداڵ و بەساڵاچووی لە خۆ گرتووە.

شێوەی ٤: ئەو خێزانانەی لەلایەن ئافرەتانە سەرۆکایەتی دەکرێن





نزیکەی سێ چارەگی ئاوارەکان لە ماوەی ٥ ساڵی پێشوو هەڵاتوون، لەوانەش نزیکە لە ٪٣٨یان چەند جارێک ئاوارەبوونە و نزیکەی یەک لەسەر پێنجیشیان بەلایەنی کەمەوە یەک هەوڵی شکستخواردووی گەڕانەوەیان هەیە.[١٧] ئەم تێکەڵاوبوونەی ئاوارەبوونی درێژخایەن و گەڕانەوە شکستخواردووەکان زۆر دیار و بەرچاوە لە هەردوو شاری تکریت و توزخورماتوو، کە تیایاندا زیاتر لە نیوەی خێزانەکان سەرکەوتوو نەبوون لە هەوڵی گەڕانەوەیان بۆ ناوچەی زێدی خۆیان و نزیکەی هەر هەمووشیان ٥ ساڵ پێش ئێستا هەڵاتوون.

شێوەی ٥: ماوەی ئاوارەبوون





١٧ توێژینەوەیەکی پێشووتر، پۆلێنکردنی بەربەستەکانی بەردەم دووبارە یەکخستنەوەی گەڕاوەکان لە عێراق بۆی دەرکەوت کە نزیکەی لە ٣٪ ی خێزانە ئاوارەکان، کە هەوڵی گەڕانەوەیان داوە و سەرکەوتوو نەبوون، ڕووبەڕووی ئاوارەبوونی چەندجاری بوونەتەوە.

شێوەی ٦: ژمارەی ئاوارەبوونەکان و گەڕانەوە شکستخواردووەکان




تەنیا لە ٣٪ ی خێزانەکان گوتیان هیچ سەرچاوەیەکی داهاتیان نییە، زۆربەی هەرە زۆر ئەو خێزانانە سەرچاوەیەکی داهاتیان هەبوو کە دەکاتە لە (٨٢٪) یان، ئەو خێزانانەشی زیاتر لە سەرچاوەیەکی داهاتیان هەبوو لە (١٥٪) بوون. بازرگانی نافەرمی و کارکردنی ڕۆژانە سەرەکیترین سەرچاوەی دەستکەوتی ئەو خێزانانە بوو بە لە (٤٣٪)، تەنیا نزیکەی نیوەی ئەو خێزانانە سەرچاوەیەکی داهاتی جێگیریان هەبوو، لەوانەش دامەزراندن لە کەرتی گشتی لە (٢٠٪)، یان لە کەرتی تایبەت لە (١٣٪)، خانەنشینی لە (١٢٪)، دەستکەوتنی داهات لە کاری خۆیان لە (٧٪) و یان بە کرێدانی موڵک لە (١٪).

شێوەی ٧: سەرچاوە سەرەکییەکانی داهات[18]




بۆ ئەوەی پێداویستیە سەرەکییەکانیان هەڵبسەنگێنین، پرسیار لە خێزانەکان کرا: "بێنە بەرچاوت کە خێزانەکەی تۆ پارەیەکی زۆر هەیە، تکایە ئەو سێ شت و کەرستەیە ڕیزکە کە خێزانەکەی تۆ پارەکەی تیادا سەرف دەکات. "بەشێوەیەکی سەرەکی خێزانەکان سەرچاوە و پارەکەیان بۆ شوێنی نیشتەجێبوون تەرخان دەکرد، یەک لەسەر سێی خێزانەکان دەچوونە شوێنێکی نوێی حەوانەوە ئەگەر لەڕووی ماددییەوە بیان توانیبا، لە ٩٪ شیان پارەکەیان بۆ نۆژەنکردنەوەی شوێنی حەوانەوەی ئێستایان دادەنا. یەک لەسەر دەی خێزانەکانیش پارەکەیان بۆ چاککردنەوەی خانووەکانیان لە زێدی خۆیان سەرەف دەکرد، کە نزیکەی لە ٤٠٪ ی خێزانەکانی خەڵکی تکریت و توز خورماتوو باسی ئەوەیان کرد لە ڕاپۆرتەکەدا. بەشێوەیەکی دیار و بەرچاو لەو شارانەی کە ڕێژەیەکی بەرزی خێزانەکان باسی پێویستی چاککردنەوەی خانووەکانیان کرد لە زێدی خۆیان، مەبەستی سەرەکیان گەڕانەوە بووە بۆ زێدیان. چاودێری تەندروستی لە (٣٧٪)، ئەنجامدانی کارێک وکاسبیەک بۆ بژێوی ژیان پەیداکردن لە (٣٠٪) و خۆراک لە (٢٧٪) وەکو پێداویستیە سەرەکییەکان لە ڕاپۆرتەکە دا هاتوون. [19] لە شارەکانی دهۆک و تکریت، زیاتر لە نیوەی خێزانە ئاوارەکان پارە و داهاتە زیادەکەیان بۆ دەستکەوتنی چاودێری تەندروستی و خۆراک بەکاردێنن، لە موسڵ ئەنجامدانی کار و کاسبیەکی بژێوی ژیان پەیداکردن سەرەکیترین پێداویستی بوو بە لە (٥٨٪)، و لە شاری سلێمانیش ئەو پارە و داهاتەی کە ئەگەر هەیان بووایە بۆ شوێنێکی حەوانەوەی تازە بەکاریان دەهێنا کە لە (٦٩٪) بوو. لە نزیکەی یەک لە سەر سێی خێزانەکانیش پارەکەیان بۆ دانەوەی قەرز دادەنا کە لە (٢٩٪) بوو، کە بەرزترین ڕێژەی ئەم پێداویستیەش لە شارەکانی بەعقوبە، تکریت و توزخورماتوو بە زیاتر لە (٤٠٪).

١٨ بژاردەکانی دیکەی وەڵامدانەوە بە کەمتر لە ١٪ هەژمارکرا، لە نێویشیان هاوکارییەکانی حکومەت (قەرەبووکردنەوە لەلایەن حکومەت) و قەرزکردنی پارە لە دامەزراوەیەکی یان بانکێک.

١٩ خشتەی پاشکۆی ٤ ڕێژەی سەدی وەڵامدەرەوەکان نیشاندەدات کە باسی هەریەکێک لە بژاردەکانیان کردووە، بەڵام لە پێشینە نەدراوە بە هیچ کام لە بژاردەکان.

# پاڵنەرەکانی ئاوارەبوونی شاریی درێژخایەن

## ئەو هۆکارانەی پەیوەستن بە شارەکانی ئاوارەبوونەوە


**ئاوارەکانیش درکیان بەوەکردووە کە شارەکان ئەمنیەت و سەلامەتی زیاتریان بۆ فەراهەم دەکەن: زیاتر لە ٨٠٪ ی ئەو خێزانە ئاوارانە باسی ئەوەیانکرد کە ئەمنیەت ئەرێنیترین لایەنی مانەوەیانە لە ناوچەکانی ئاوارەبوونیان، بە بەراورد بەو ڕەوشەی لە ناوچەکانی زێدیان دەگوزەرێت.**

نیگەرانیەکانی پەیوەست بە هەبوونی توندوتیژی زۆر لە نێو دانیشتوانی ئاوارەکان و گەڕاوەکان زۆرن لە عێراق دا. داتای پێشووتری تۆماری بەدواداچوونی ئاوارەبوون، لە ١٥ سەرەکیترین ناوچەکانی گەڕانەوە، زیاتر لە نیوەی خێزانە گەڕاوەکان باسی نیگەرانی هەبوونی توندوتیژی کە لەئەنجامی هێرشە دەرەکییەکان و گرژیە کۆمەڵایەتیەکانەوە دروستبوون کردبوو.[٢٠] ئەم هەڵسەنگاندنەش دەریدەخات کە ئاوارەکان باوەڕیان وایە کە شارەکان دەتوانن ژینگەیەکی سەلامەتیان بۆ فەراهەم بکەن لە ڕووی ئەمنیەت، هەڕەشە و مەترسیە درکپێکراوەکان دیکەی وەکو مەترسی ئەگەری دووبارە سەرهەڵدانەوەی داعش. هەروەها شارەکان دەتوانن ڕادەیەکی باشی دیارنەبوونی ناسنامەیان تێدا بێت، کە لەوانەیە ئەمە لە شوێنە نیشتەجێبوونەکانی ناو کامپ و ناوچە لادێییەکان بوونی نەبێت. ئەمەش دەبێتە هۆکارێکی سەرەکی بۆ ئەو خێزانانەی کە ڕووبەڕووی کۆستی دەروونی بوونەتەوە، لەوانەش کەسانی سەر بە کەمە ئاینییەکان.[٢١] زیاتر لە ٨٠٪ ی خێزانەکانی سەر بە کەمە ئاینییەکان باسی ئەمنیەتیان کرد لە ڕاپۆرتەکە وەکو یەکێک لە باشترین لایەنەکانی شوێنەکانی ئێستایان.

بە شێوەیەکی گشتی و ئاسایی، شارەکان باشترن بۆ دەستگەیشتن بە ژێرخان و خزمەتگوزارییە بنەڕەتییەکان. بەگشتی، یەکێک لە هەر سێ خێزانێک باسی دەستگەیشتن بە چاودێری تەندروستی وەکو یەکێک لە لایەنە ئەرێنییەکانی شوێنە شارییەکانی ئاوارەبوونی کرد، هۆکاری دواتریش دەستگەیشتنە بە قوتابخانە کارایەکان بە لە (٢٨٪). هەبوونی خانووی نیشتەجێبوونیش باسی لێوە کرا وەکو هۆکارێکی ئەرێنی بە لە ٢٤٪ ی نێو خێزانە ئاوارەکان. ئەم لایەنانەش هۆکاری سەرەکین لە شاری موسڵ کە تیایدا بڕێکی زۆری ئاوارەبوون پەیوەستە بە جموجۆڵ و هاتوو چۆیەکان لە بەری ڕۆژئاواوە بۆ بەری ڕۆژهەڵاتی شارەکە، ئەو ئاوارانەش کەمتر ڕووبەڕووی خاپوورکردنی خانوو و ژێرخانی گشتی بوونەتەوە. دەستگەیشتن بە چاودێری تەندروستی، پەروەردە و خانووی نیشتەجێبوون و ئەمەش بەشێوەیەکی زۆر لە نێو ئەو ئاوارانە باسی لێوەکرا کە نیشتەجێی شارەکانی توزخورماتوو و بەعقوبەن، کە دووبارە تیایاندا پێدەچێت دەستگەیشتن بە خزمەتگوزاریی و پێداویستییە بنەڕەتییەکان لە ئاستێکی بەرزدابێت بەگشتی، تێچووی ژیان لە شارەکان زیاترە و لە ناوچەکانی زێدی خۆیان گرانترە، بەتایبەتی زۆربەی هەرە زۆری ئاوارەی شارەکانی باسی ئەو تێچووە گرانەیان دەکرد بۆ بەکرێ گرتنی شوێنی نیشتەجێبوون، تەنیا لە ٨٪ ی خێزانەکان ماڵی خۆیان لە ناوچەکانی ئاوارەبوون، بە بەراورد بە لە ٨٣٪ خێزانەکان خاوەن خانووی خۆیانن لە ناوچەکانی زێدی خۆیان .تەنیا لە ١١٪ خێزانەکانی باسی ئەوەیانکرد "کە دەتوانن تێچووی مەسرەفی ژیان دابین بکەن" لە نێو باشترین ئەو شوێنانەی شار کە تیایدا دەژین، ئەم ژمارەیەش بۆ زیاتر لە ٢٠٪ بەرزدەبێتەوە لە ئەبوغرێبی بەغدا، بەعقوبە، تکریت و توزخورماتوو.[٢٢]

بە گشتی، لە ٦٧٪ ی خێزانەکان باسی ئەوەیانکرد کە بارودۆخیان خراپتربووە وەک لەوەی لە پێش ئاوارەبوون هەیانبوو. لە ١٧٪ ی خێزانەکانیش باسی ئەوەیانکرد هیچ هۆیەکی دارایان نییە بۆ گەڕانەوە. زەحمەتی دەستکەوتنی پاڵپشتی دارایی سەربەخۆ لەوانەیە ڕێگری لەگەڕانەوە بکات وەکو چارەسەرێکی هەمیشەیی بۆ هەندێک لە خێزانەکان و ئاوارەبوونی درێژخایەن خراپتر و ئاڵۆزتر بکات. هەروەها، ئاوارەکان دەستنیشانی هیچ تۆڕێکی پاڵپشتیەکی کۆمەڵایەتییان نەکرد وەکو هۆکارێکی سەرەکی ڕاکێشانی گەڕانەوەی ئاوارە شارییەکانی ئێستا، ئەمەش تەنیا لە لایەن لە ١٢٪ ی ئاوارەکانەوە دەستنیشانکرا. تۆڕەکانی پاڵپشتیکردنی کۆمەڵایەتی جەخت لەسەر کراوەترین هۆی ڕاکێشانی گەڕانەوەیە لە ئەبوغرێبی بەغدا بە لە ٢٧٪ ی خێزانەکان، کە زۆربەیان ئاوارەی ئەنبارن بۆ هەمان ناوەندی شاریی هەڵاتوون بە هاوڕێ و بنەماڵەکانیانەوە.

شێوەی ٨: گرنگترین لایەنی ئێستای ژیان لە شار (بە بەراورد بە شوێنی زێد)[٢٣]





٢٠ بڕوانە: http://iraqdtm.iom.int/files/DurableSolutions/20203244126462_IDP_Districts_of_Origin_Factsheets.pdf

٢١ بەگوێرەی شوێنی یەکخراوی ٥ بێت، نیگەرانییەکانی شەڕی دووبارە سەر هەڵدانەوەی داعش زۆر بەربڵاون لە ناوچە لادێییەکان (لە ٢١٪ بەرانبەر ٩٪ ناوچە شاری و دەوروبەری شاری)، بەتایبەتی لە فەلوجە، شنگال و توزخورماتوو ژمارەکە بۆ سەرووی لە ٧٠٪ بەرزدەبێتەوە لە هەرسێ قەزاکە. هەبوونی چەندا لایەنێکی ئەمنی، لەوانەش گروپە چەکدارەکانی (PMU)، میلیشیا نافەرمی و عەشایرییەکان کە لە زۆربەی ڕاپۆرتەکانی ناوچە لادێییەکان باسی لێوەکرا لە (٢٠٪ بەرانبەر ١٣٪).

٢٢ زۆربەی ئاوارەکانی بەعقوبە لە بنەڕەت هی شارەدێییەکانی ئەبو سەید، عوزێم، مەنسوریە، مقدادیە، سعدیە و جەلەولان، لە کاتێکدا ئەوانەی ئاوارەی توزخورماتوون هی ئامرلی، سلێمان بەگ و ناوەندی توزخورماتوون. بە گوێرەی پێرستی گەڕانەوە، کێشە و گرفتەکانی سەلامەتی تێکەڵاوبوونی کۆمەڵایەتی لە ئاستی بەرز یان مامناوەند دان لە زۆربەی شوێنەکانی ئەو ناوچانە، لەوکاتەی بۆ خزمەتگوزارییە بنەڕەتییەکان و کارۆکاسبیەکانی بژێوی ژیان گوزەران پەیداکردن و هەلومەرجە زۆر گرنگەکان لە ناوچەکانی ئەبو سەیدە، جەلەولا، مقدادیەی شاری بەعقوبە و ئامرلی پارێزگای سەڵاح الدین بە دیکران.

٢٣ ئەو پرسیارەی کە لە خێزانەکان کرا: "سێ لە گرنگترین ئەو شتانە ڕیزکە کە لێرە هەتە و لە شوێنەکانی ناوچەی زێدی خۆت نیتە یان وەکو ئەوەی ئێستا باش نییە."


شێوەی ٩: سێ گرنگترین لایەنەکانی ژیانی شار لە ئێستادا (بەراورد بە شوێنی زێد - بەپێی شار)



لە ماوەیەکی درێژدا، شوێنە شارییەکان دەرفەتەکانی کارو کاسبی بژێوی ژیان پەیداکردنیان زیاترە و دەستگەیشتن بە خزمەتگوزارییە پێویستەکان باشترە بۆ خێزانە ئاوارەکان، تاوەکو پێداویستیە سەرەکییەکانیان بەجێبگەیێنن و لە کۆتاییشدا چارەسەری هەمیشەیی بەدەست بێنن بۆ ئاوارەبوونیان کە دەکرێت بە شێوەی یەکخستنەوەی هەمیشەیی بێت. کاتێک ئاوارەکان هاتنە شارەکان، چەند هۆکارێک ڕۆڵیان هەبوو لە کارتێکردن لە بڕیاریان کە ئایا بمێننەوە یان یەکخستنەوەی خۆجێی ئەنجامبدەن، ومیان بۆ ناوچەی زێدیان بگەڕێنەوە یان بچنە شوێنێکی دیکە (لە ناو یان دەرەوەی عێراق). ئەم هۆکارانەش ئەمانە دەگرێتەوە: باری ئابووری، خاوەندارێتیکردنی موڵک، دەرفەتەکانی کاروکاسبی بژێوی ژیان پەیداکردن و گرتنەخۆ و تێکەڵاوبوونی کۆمەڵایەتی و ئاستی سەلامەتی.

لە ئێستادا، یەکخستنی خۆجێی بەربڵاوترین ویستی ئاوارەکانە کە لە ڕاپۆرتەکەدا هاتووە لە هەڵسەنگاندنی ناوەندە شارییەکان بە لە (٪٥٣)، پاشان بە ڕێژەیەکی نزیکی ئەوە ویستی گەڕانەوەیە بە لە (٪٤١)، لە کاتێکدا دووبارە نیشتەجێکردنەوە لە شوێنێکی دیکەش تەنیا لەلایەن لە (٪٣) ی خێزانەکانەوە باسکرا، وە لە (٪٤) یشیان بڕیاریان نەداوە. لە هەمان کاتیشدا، هێشتا لە ٪٨١ خێزانەکان هەست بە ئاوارەیی دەکەن، ئەمەش ئەوە دەگەیێنێت کە تەنانەت بەو ئاوارانەشەوە کە ویستی مانەوەیان لە شوێنی ئاوارەبوونیان هەیە، ڕێگەی بەرەو بەدەستهێنانی چارەسەری هەمیشەیی بە باشزانراو هێشتان دوور و درێژە.

شێوەی ١٠: بژاردەکانی نیشتەجێبوون و هەستکردن بە "ئاوارەیی"




حەفت تایبەتمەندی سەرەکی خێزانە ئاوارەکان شیکارکران بۆ زانینی کاریگەریان لەسەر ویستی داهاتوویان و ئایا هەر هەموو خێزانێک لە نێویان بە ئاوارەبوو دادەنرێت. تایبەتمەندییەکانیش ئەمانەن:

**ڕەوشی نیشتەجێبوون:** ئەو خێزانانەی کە لە خانووی نیشتەجێبوونی نا جێگیر و خراپن بە (شوێنەی حەوانەوەی زۆر خراپ، خانەخۆیکردن یان بە کرێگرتن- یان بەکرێگرتن و هاوبەشی کردن لە نێوان چەند خێزانێک) یشەوە، بەرانبەر ئەو خیزانانە کە خانووی خۆیان هەیە یان خانووێکی کرێیان بۆ یەک خێزان بە کرێ گرتووە.

**قەرزاربوون:** ئەو خێزانانەی کە قەرزارن بەرانبەر ئەو خێزانانەی کە پاشەکەوتیان هەیە.[24]

**ڕەوش و گوزەرانی ژیان:** ئەو خێزانانەی کە هیچ سەرچاوەیەکی داهاتیان نییە یان پشت بە سەرچاوە داهاتییە نا جێگیرەکان دەبەستن بەرانبەر ئەو خێزانانەی کە پشت بە سەرچاوە داهاتییە جێگیرەکان دەبەستن.[25]

**ئەمنیەت:** ئەو خێزانانەی هەست بە ئاسوودەیی ناکەن داوای پارەمتی لە دەسەڵاتداران دەکەن بەرانبەر ئەو خێزانانەی کە هەست بە ئاسوودەیی دەکەن.

**قبوڵکردن لە لایەن کۆمەڵگەی خۆجێییەکانەوە:** ئەو خێزانانەی کە واهەست دەکەن بە تەواوی قبوڵکراون لە لایەن کۆمەڵگە خۆجێییەکانەوە بەرانبەر ئەو خێزانانەی کە هەست بە پەراوێزخستن یان قبوڵنەکرانیان لە لایەن کۆمەڵگەی خۆجێییەکانەوە دەکەن.

**جیاوازیکردن:** ئەو خێزانانەی کە ڕاپۆرتی ئەوەیان داوە کە بە دەست جیاوازیکردنەوە دەناڵێنن بەرانبەر ئەو خێزانانەی ڕووبەڕووی ئەو جیاکارییە نابنەوە.

**بەشداریکردنی سیاسی:** ئەو خێزانانەی کە دەنگیان نەدا لە هەڵبژاردنەکانی ساڵی ٢٠١٨ بەرانبەر ئەو خێزانانەی کە دەنگیان دا.

٢٤ خێزانەکان بە قەرزدار دادەنران ئەگەر وەها وەڵامیان داباوە کە قەرزەکانیان دەداوە "ئەگەر هاتباوو برە پارەیەکی زۆریان وەرگرتبووایە".

٢٥ سەرچاوە ناجێگیرەکانی دەستکەوتنی داهات بریتین لە: بە قەرز وەرگرتنی پارە لە خێزانێک یان هاوڕێیەک، دامەزراوەیەک یان بانکێک، یان وەرگرتنی پارە لە خێزان و هاوڕێ لە ناوەوەی عێراق، پارە پێدانی چاودێری، بەخشین یان شێوەکانی دیکەی هاوکاری لە دامەزراوەیەکی ناوخۆیی یان نێودەوڵەتی (لەوانەش خێرخوازییەکان و کڵێسایییەکان)، هەروەها هاوکارییەکانی حکومەت (لەوانەش قەربووکردنەوە).

خشتەی ٢: تایبەتمەندییەکانی خێزانەکانی ئاوارەبووی شار

| هۆکارەکانی ناوچەی ئاوارەبوون | جۆری خێزانەکان | بەباشزانینی خێزانەکان[٢٦] |
|---|---|---|
| ڕەوشی خانوو و نیشتەجێبوون | خانووی خۆی یان بەکرێگرتن (تاک) | ٪٦٩ |
| | بەکرێگرتن (چەند خێزانێک)، میواندری و شوێنی حەوانەوەی زۆر خراپ | ٪٢٢ |
| قەرزاربوون | قەرزاربوون | ٪٢٩ |
| | هەبوونی پاشەکەوت | ٪٢ |
| ڕەوشی کاروکاسبی بژێوی ژیان پەیداکردن | پشت بەستن بە سەرچاوە ناجێگیرەکانی داهات | ٪٥٠ |
| | پشت بەستن بەسەرچاوە جێگیرەکانی داهات | ٪٥٠ |
| ئەمنیەت | ئاسوودەن بە داواکردنی یارمەتی لە دەسەڵاتدارانەوە | ٪٨٨ |
| | ئاسوودەنین بە داواکردنی یارمەتی لە دەسەڵاتدارانەوە | ٪٩ |
| قبوڵکردن لەلایەن کۆمەڵگەی خانەخۆییەوە | هەستدەکەن بە تەواوی قبوڵکراون | ٪٨٣ |
| | هەستدەکەن تاڕادەیەک یان زۆر کەم قبوڵکراون یان هەر قبوڵنەکراون | ٪١٧ |
| جیاوازیکردن | ناڵاندن بە دەست جیاوازیکردنەوە | ٪٢ |
| | نەبوونی جیاوازیکردن | ٪٩٧ |
| بەشداریکردنی سیاسی | دەنگیان نەدا لە هەڵبژاردنەکانی ساڵی ٢٠١٨ | ٪٢٤ |
| | دەنگیان دا لە هەڵبژاردنەکانی ساڵی ٢٠١٨ | ٪٦٩ |

بە گشتی، لە ٪٣ ی خێزانە ئاوارەبووەکان هیچ سەرچاوەیەکی داهاتیان نەبوو. نزیکەی نیوەی خێزانەکان بە شێوەیەکی سەرەکی پیشت بە کارکردنی ڕۆژانە و سەرچاوە داهاتە نافەرمییەکان دەبەستن (لە ٪٤٣، بەڵام بەرزترین ئاست لە ٪٦٠ ە لە ئەبو غرێبی بەغدا، کەرکووک و سلێمانی) یە. لە ٪١٠ خێزانەکان تاڕادەیەکی زۆر پشت بە پارەی کاش، پارەپێدان و بەخشین یان هاوکاری هاوڕێ یان بنەماڵەکان دەبەستن، یان پیشت بە دامەزراوە ناوخۆیی و نێودەوڵەتییەکان دەبەستن (کە زیاتر لە ٪٢). ئەوانەشی کە لە شوێنی حەوانەوەی زۆر خراپ دەژین (لە٪٦ ن و بەرزترین ڕێژە لە ٪١٧ یە لە موسڵ) کە ئەمانە لە نێو کەمدەرامەترین خێزانەکانن.[٢٧] وادادەنرێت نزیکەی یەکێک لە هەر سێ خێزانێک قەرزار بن کە لە (٪٢٩ ی تێکڕای خێزانەکان، بەڵام لە نزیکەی لە ٪٤٥ لە بەعقوبە و تکریت).

٢٦ هەندێک لە ڕێژەکان نەکراونەتە ڕێژەی سەدی لەسەر سەد لەبەرئەوەی چەند بژاردەیەکی دیکەی وەڵامدانەوە هەبوو.

٢٧ شوێنی حەوانەی زۆر خراپ ئەمانە دەگرێتەوە: شوێنی حەوانەی بە کۆمەڵ (وەکو بینا ئایینییەکان، قوتابخانەکان، یان بینا گشتییەکانی دیکە)، بینا تەواو نەکراوەکان و وازلێهێندرا و جێهێڵدراوەکان، چادر، کەرەڤانە، شوێنەی حەوانەوەی کاتی و نیمەچە ستاندەرد، هەروەها ئەو شوێنە ئاساییانەی نیشتەجێبوون کە زۆر بە خراپی داڕماون و داڕوخاون، و شوێنی بە کرێگیراو بۆ ماوەیەکی درێژ کە بۆ ژیان ناشێت (تایبەتمەندی بینا تەواو نەکراوەکان یان زۆر خراپ داڕماوەکانیان هەیە).

خشتەی ٣: ئەو هۆکارانەی کە پەیوەستن بە ناوچەی ئاوارەبوون و کاردەکەنە سەر ویستی ئاوارەکان

| هۆکارەکان لە ناوچەی ئاوارەبوون | جۆری خێزانەکان | یەکخستنی خۆجێیی | گەڕانەوە | نیشتەجێبوون لە شوێنێکی دیکە | بڕیارنەدراو |
|---|---|---|---|---|---|
| ڕەوشی خانوو و نیشتەجێبوون | بەکرێگرتن (چەند خێزانێک)، میوانداری و شوێنی حەوانەوەی زۆر خراپ | ٪٤٧ | ٪٤٦ | ٪٣ | ٪٣ |
| | خانووی خۆی یان بەکرێگرتن تاک( | ٪٥٦ | ٪٣٨ | ٪٣ | ٪٣ |
| قەرزاربوون | قەرزاربوون | ٪٥٤ | ٪٣٨ | ٪٥ | ٪٣ |
| | هەبوونی پاشەکەوت | ٪٦٤ | ٪٢٦ | ٪٥ | ٪٤ |
| ڕەوشی کاروکاسبی بژێوی ژیان پەیداکردن | پشت بەستن بە سەرچاوە ناجێگیرەکانی داهات | ٪٤٧ | ٪٤٦ | ٪٣ | ٪٤ |
| | پشت بەستن بەسەرچاوە جێگیرەکانی داهات | ٪٥٩ | ٪٣٥ | ٪٣ | ٪٣ |
| ئەمنیەت | ئاسوودەن بە داواکردنی یارمەتی لە دەسەڵاتدارانەوە | ٪٥٢ | ٪٤١ | ٪٣ | ٪٣ |
| | ئاسوودەنین بە داواکردنی یارمەتی لە دەسەڵاتدارانەوە | ٪٥٤ | ٪٣٧ | ٪٤ | ٪٥ |
| قبوڵکردن لەلایەن کۆمەڵگەی خانەخۆییەوە | هەستدەکەن بە تەواوی قبوڵکراون | ٪٥٢ | ٪٤١ | ٪٣ | ٪٤ |
| | هەستدەکەن تاڕادەیەک یان زۆر کەم قبوڵکراون یان هەر قبوڵنەکراون | ٪٦٣ | ٪٣٢ | ٪٢ | ٪٢ |
| جیاوازیکردن | ناڵاندن بە دەست جیاوازیکردنەوە | ٪٥٣ | ٪٣٨ | ٪٩ | ٪٠ |
| | نەبوونی جیاوازیکردن | ٪٥٣ | ٪٤١ | ٪٣ | ٪٤ |
| بەشداریکردنی سیاسی | دەنگیان نەدا لە هەڵبژاردنەکانی ساڵی ٢٠١٨ | ٪٥٧ | ٪٣٤ | ٪٥ | ٪٣ |
| | دەنگیان دا لە هەڵبژاردنەکانی ساڵی ٢٠١٨ | ٪٥١ | ٪٤٣ | ٪٣ | ٪٣ |


ئەوانەی کە ڕەوشی نیشتەجێبوونیان خراپە (بەمانایەکی دیکە، شوێنی حەوانەوەیا زۆر خراپە، خانەخۆییکردن یان بە کرێگرتن لەلایەن چەند خێزانێک بەیەکەوە) و ناجێگیری لایەنی دارایی (لەوانەش پشت بەستن بە سەرچاوە داراییە ناجێگیرەکانی داهات و قەرزکردن) ئەمانە هەمووی زیاتر ئەگەری هاتنە ئارایان هەبوو. هەربۆیە، ئاوارەبوونی شاری درێژە دەکێشێت بەهۆی نەبوونی توانای چەند خێزانێک کە دەیانەوێت بگەڕێنەوە و چەند هۆکارێکی بەسەریەکەوە کەڵەکەبوویان بۆ توانا نەبوونیان هەیە. ئەم ناجێگیریەش بە توزخورماتوو نموونەی بۆ هێنرایەوە کە تیایدا زۆربەی ئاوارەکان ویستی گەڕانەوەیان هەیە بە لە (٪٧٢) یان، بەڵام زیاتر لە نیوەی ئەو خێزانانە لە ڕاپۆرتەکە باسی ئەوەیانکرد کە هیچ هۆکارێکی داراییان نییە بۆ گەڕانەوە کە دەکاتە لە (٪٥٤) y ئەو خێزانانە. بە پێچەوانەوە، خێزانێکی زیاتر ئەو تایبەتمەندییانەیان دەرخست کە تاڕادەیەک جێگیری هەیە لە کاروکاسبی بژێوی ژیان پەیداکردن و نیشتەجێبوون و پێدەچوو ویستێکی زیاتریان بۆ یەکخستنی خۆجێی هەبێت. لەم بارەیەوە، دەکرێت ڕاستەوخۆ بڕیارەکانیان دووبارە بنیاتنانەوەی ژیانی خۆیان لە ناوچەی ئاوارەبوون. هەڵسەنگاندن بۆ بەرەوپێشچوون بەرەو پشت بەخۆ بەستن کرا بە گوێرەی ئەوەی ئایا خێزانەکان پێنج لە تایبەتمەندییە پەیوەندیدارەکانیان هەیە، ئەوانیش: هەبوونی توانای دابینکردنی پێداویستیە سەرەکییەکان، کارکردنی سەرۆکی خێزان، هەبوونی سەرچاوەیەکی جێگیری داهات، چێژوەرگرتن لە هەمان یان باشتربوونی ڕەوش و هەلومەرجی پێش ئاوارەبوون و هەبوونی خانووێک لە ناوچەی ئاوارەبوون.[٢٨] ئەو خێزانانە کە یەکێک یان هیچ کام لەم تایبەتمەندییانەیان تێدا نەبوو بە هەبوونی توانایەکی کەمی پشت بەخۆ بەستن پۆلێنکران، هەبوونی دوو یان سێ لەم تایبەتمەندییانە بە هەبوونی توانای مامناوەند بۆ پشت بەخۆ بەستن پۆلێنکران، ئەو خێزانانەشی کە چوار لەم تایبەتمەندییانەیان تێدابوو، بە هەبوونی توانایەکی بەرز بۆ پشت بەخۆبەستن پۆلێنکران.

٢٨ پەیوەندی نێوان پشت بەخۆبەستن و باری هەبوونی کارو پیشەی سەرۆکی خێزان هەمیشە ڕێکو ڕەوان ڕوون نەبووە. بۆ نموونە، لە کەرکووک و ئەبو غرێبی بەغدا زیاتر لە ٪٨٠ی سەرۆکی خێزانەکان کاردەکەن، بەڵام کەمتر لە نیوەی خێزانەکان توانای ئەوەیان هەیە پێداویستییە بنەڕەتییەکانیان دابینبکەن. بە پێچەوانەوە، لە تکریت تەنیا لە ٪٢٨ ی سەرۆکی خێزانەکان کاردەکەن، لەگەڵ ئەوەشدا زۆربەی خێزانەکان توانای ئەوەیان هەیە پێداویستییە بنەڕەتییەکانیان دابینبکەن.

شێوەی ١١: بەرەوپێشچوون بەرەو پشت بەخۆبەستن[٢٩]





شێوەی ١٢: پشت بەخۆبەستن، خواست و ویستەکان و دیاریکردنی ئاوارەبوو




ئەو خێزانانەی کە پشت بەخۆبەستنیان لە ئاستێکی نزمە زیاتر ویستی گەڕانەوەیان هەیە و زیاتر هەست بە ئاوارەیی دەکەن، بە بەراورد بەو خێزانانەی کە ئاستی پشت بەخۆبەستنیان مامناوەندە یان بەرزە. ویستی مانەوەی لە شوێنی ئێستای خۆیان و یەکخستنی خۆجێیی وەکو چارەسەرێکی هەمیشەیی زیاتر لە نێو ئەو خێزانانە بەربڵاوبوو کە ئاستی پشت بەخۆبەستنیان بەرزە و زۆر کەمتریش هەست بە ئاوارەیی دەکەن. شێوەی ژمارە ١٣ ڕێژەی سەدی ئەو خێزانانە بە پێی هەر شارێک نیشاندەدات کە ئەو پێوەر و تایبەتمەندییانەیان هەیە، هەروەها ڕیزبەندی بۆ ئاستیان دەکات لەڕووی پشت بەخۆبەستنەوە بە ئاست نزم، مامناوەند یان بەرز دایان دەنێت بە گوێرەی ئەو پێوەر و تایبەتمەندییانە دەتوان هەیان بێت.

٢٩ تایبەتمەندییەکانی پشت بەخۆبەستن ئەمانە دەگرێتەوە: بەلایەنی کەمەوە هەبوونی سەرچاوەیەکی جێگیری داهات، هەبوونی توانای دابینکردنی پێداویستییە بنەڕەتییەکان، کارکردنی سەرۆکی خێزان، هەبوونی ڕەوشێکی هاوشێوە یان باشتری پێش ئاوارەبوون و لە خانووی خۆیان بژین.

شێوەی ١٣: بەرەوپێشچوون لە پشت بەخۆبەستن بە پێی شار




بەگشتی، تەنیا لە ١٣٪ ی خێزانەکان تا ئێستا ئاستی بەرزی پشت بەخۆ بەستنیان نیشانداوە. لە دهۆک لە (٢٢٪)، هەولێر لە (١٨٪) و بەعقوبە لە (١٧٪) بەرزترین ڕێژەی ئەو خێزانە ئاوارەنە هەیانبووە کە ٤ یان ٥ تایبەتمەندیی پشت بەخۆبەستنیان هەبووە، هەربۆیە، بەرەوپێشچوونێکی باشیان لەم بارەیەوە هەبووە. بەپێچەوانەوە، لە کەرکووک لە (٤٩٪)، تکریت لە (٤٧٪) و لە ئەبوغرێب بەغدا لە (٣٨٪) خێزانە ئاوارەکان تەنیا چەند پێوەرێکی کەمی تایبەتمەندییەکانی پشت بەخۆبەستنیان هەبووە، هەربۆیە، ئاستی پشت بەخۆبەستن نزمە.

## قبوڵکردنی لەلایەن لایەنی خۆجێییەوە و هەستی سەر بەوشوێنە بوون لەلایەن ئاوارەوە

توێژینەوەی پێشووتری ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کۆچ (IOM) بەناوی "شارەکان وەک ماڵ" جەختی خستبووە سەر ڕۆڵی قبوڵکردن لەلایەن کۆمەڵگەی خانەخۆییەوە لە پاڵنان یان ڕێگریکردن لە یەکخستنی خۆجێی وەکو چارەسەرێکی هەمیشەیی. ئەم توێژینەوە سێ فاکتەری بۆ دەرکەوت کە پاڵنەر و ڕێگریکەری زۆر بەهێزن بۆ قبوڵکردن لەلایەن کۆمەڵگەی خانەخۆییەوە.[٣٠] یەکەم، وەڵامدەرەوەکانی کۆمەڵگەی خانەخۆیی کەمتر پارێزراون و کەمتر هەست بە سەلامەتی دەکەن لە هەڕەشەکان، کەمتر ئەگەری وەڵامدانەوەی ئەرێنیان هەبوو بۆ یەکخستنی خۆجێیی. ئەم توێژینەوەیە ئەوەشی دیاریکرد کە قەزاکانی بەعقوبە، توزخورماتوو و زاخۆ، وەکو ئەو شوێنانەی کە کۆمەڵگەی خانەخۆیی کەمتر هەست بە سەلامەتی دەکەن. هەربۆیە، بە ئەگەرێکی زۆرەوە قبوڵکردنی ئاوارەکان کەمترە لە شوێنی دیکە. هۆکارێکی دیکە، هۆکاری دووەم، لەلایەن ئەم توێژینەوەیە دەستنیشانکرا کە زۆر پەیوەستە و ئەوەیە کە ئایا کۆمەڵگەی خانەخۆیی وای هەستکردووە کە ئاوارەکان هەڕەشە و مەترسی ئەمنین. هەروەها توێژینەوەکە ئەوەشی بۆ دەرکەوت کە ئەم هۆکارە زۆر پەیوەستە بە کۆمەڵگە خانەخۆییەکان لە زاخۆ بە لە (٥٩٪)، لە کەرکووک بە لە (٣٥٪) و بە ڕادەیەکی کەمتریش لە هەولێر بە لە (٢٤٪). هەروەها ئەوەشی بۆ دەرکەوت کە ئەو خەڵکانەشی کە وا هەستدەکەن ئاوارەکان مەترسی و هەڕەشەی ئەمنین، کەمتر چاوەڕوانی ئەوەیان لێدەکرا کە قبوڵی ئەوە بکەن ئاوارەکان بۆ ماوەیەکی درێژ لە کۆمەڵگە خانەخۆییەکان بمێننەوە. متمانەبوون بە توانای یەکە کارگێڕییە خۆجێییەکان و لێهاتوویان هۆکاری سێیەم بوو کە کاریگەری دەکاتە سەر قبوڵکردنی ئاوارەکان لەلایەن کۆمەڵگە خانەخۆییەکانەوە. کە کۆمەڵگەی خانەخۆیی هەستی بە لێهاتووی و توانای یەکە کارگێڕییە خۆجێییەکان کرد، ئەوا کۆمەڵگە خانەخۆیی چاوەڕوانیەکی زیاتری قبوڵکردنی ئاوارەکانی لێدەکرێت کە لە

٣٠ هەڵسەنگاندنی "شارەکان وەکو ماڵ: تێگەیشتن لە قبوڵکردنی ئاوارەکان لەلایەن کۆمەڵگە خانەخۆییەکانە و هەستکردن کە سەر بەو کۆمەڵگەیە بوون لە لایەن ئاوارەکانەوە لە عێراق دا" داتای لە ١٣٨٢ ئاوارە و ١٤٣٧ وەڵامدەرەوەی کۆمەڵگەی خانەخۆیی لە سەرانسەری ١٤ شوێنی شاریی وەرگرتوو شیکاریکرد. هەشت لەو شوێنە شارییانە بە نموونەی ئەم هەڵسەنگاندنە وەرگیران دەربارەی ئاوارەبوونی شاریی، شارەکانی سلێمانی و تکریت لە هەڵسەنگاندنی "شارەکان وەک ماڵ" بەدەرگیران. لەوکاتەی میتۆدی نموونە وەرگرتنەکە لەم نێوان ئەم دوو هەڵسەنگاندنە جیاوازە، ئەو شێوانەی لەم توێژینەوەیە خراونەتەڕوو تەنیا بۆ مەبەستی دەرخستنی بەراوردکارییەکان زانینی تێگەیشتن و تێڕوانینی ئاوارەکان و کۆمەڵگە خانەخۆییەکانە، وە بۆ زانینی هەر کاریگەریەک کە لەوانەیە لەسەر توانای کارکردن لەسەر یەکخستنی خۆجێی وەکو چارەسەرێکی هەمیشەیی.

شوێنی خۆیان لە کۆمەڵگەکە بمێننەوە و هەمان مافەکانی خەڵکانی دیکەی ئەو کۆمەڵگەیان هەبێت.

خشتەی ٤ لە خوارەوە بەراوردی نێوان ئەنجامەکانە لە نێوان هەڵسەنگاندنی کۆمەڵگە خانەخۆییەکان بەناوی"شارەکان وەک ماڵ" لەگەڵ هەڵسەنگاندنی تازەی ئەم ڕاپۆرتەی ئاوارەبوونی شاریی دەکات، ئەگەرچی بەراوردکارییەکە تەنیا بۆ نیشاندانە. دەرخستنی یەکەم ئەوەیە کە هیچ پەیوەندییەکی ڕوون لە نێوان قبوڵکردنی کۆمەڵگەی خانەخۆیی و خواست و ویستی ئاوارەکان نییە، کە لەلایەن هۆکارەکانی ناوچەی ئاوارەبوونەوە کاری تێبکرێت. بۆ نموونە، لە بەعقوبە ڕێژەیەکی زۆر کەمی ئاوارەکان کە لە (٪٥٧) و خانەخۆییەکان کە لە (٪٤٨) بە تەواوی هەست بە سەلامەتی دەکەن لە کۆمەڵگە دا و لەوانەیە ئەمەش پێشبینیکراو بێت کە یەکخستنی خۆجێی چارەسەرێکی هەمیشەیی باو نییە، ئەمەش لەسەر بنەمای ئەو دەرئەنجامانەی کە ئەم توێژینەوەیە پێی گەیشتووە. لەڕاستیدا، بەعقوبە بەرزترین ڕێژەی ئەو خێزانە ئاوارانەی تێدایە کە دەیانەوێت بمێننەوە کە لە (٪٧٨). کۆمەڵگەی خانەخۆیی لە زاخۆ هەست بەوە دەکات کە بەتەواوی سەلامەت نییە بە لە (٪٥٤)، زیاتر لە نیوەیان پێیان وایە کە کۆمەڵگەی ئاوارەکان هەڕەشە و مەترسیە بە لە (٪٥٩)، هەروەها هەم ئاوارەکان و هەمیش کۆمەڵگە خانەخۆییەکان ئارادەیەک پاڵپشتیەکی کەمیان بۆ کارگێڕیی خۆجێی هەیە. سەرەڕای ئەوەش، شاری زاخۆ دووەم بەرزترین ڕێژەی ئەو خێزانە ئاوارانەی هەیە کە دەیانەوێت بمێننەوە بە لە (٪٦٦). لەوکاتەی پێناچێت هیچ پەیوەندییەکی ڕوون لە نێوان قبوڵکردن لەلایەن کۆمەڵگە خانەخۆییەکان لەگەڵ خواست و ویستی ئاوارەکان هەبێت، بەڵگەی ئەوەش هەیە کە قبوڵکردن لەلایەن کۆمەڵگەی خانەخۆییەوە کاردەکاتە سەر ئەوەی کە ئایا خێزانە ئاوارەکان هێشتان هەست بە ئاوارەیی دەکەن. لە شارەکانی دهۆک و موسڵ، کە تیایاندا هەست و تێڕوانینی خانەخۆییەکان و ئاوارەکان ئەرێنی و هاوتەریبە (بۆ نموونە، ئاوارەکان و خانەخۆییەکان بە تەواوی هەست بە سەلامەتی دەکەن و برێکی کەم لە نێو خانەخۆییەکان وا هەست دەکەن کە ئاوارەکان هەڕەشە و مەترسی ئەمنین). ژمارەیەکی زۆری خێزانە ئاوارەکانیش چیتر خۆیان بە ئاوارە دانانێن کە لە دهۆک لە (٪٢٧) و لە موسڵ لە (٪٢١) ە کە بەراورد بە تێکڕا دەکاتە لە (٪١٩). قبوڵکردن لەلایەن کۆمەڵگەی خانەخۆییەوە هۆکارێکی زۆر گرنگە لە بڕیاردانی یەکخستنی خۆجێیی، بەڵام بە ئەگەری زۆرەوە خێزانە ئاوارەکان ئەمە لەبەرانبەر چەند هۆیەکی دیکە دادەنێن کاتێک دەیانەوێت لە شوێنی ئاوارەبوونیان بمێننەوە.

خشتەی ٤: تێڕوانین و هەستکردنی ئاوارەکان و کۆمەڵگە خانەخۆییەکان بە سەلامەتی کەسی و ئەمنیەتی و کارگێڕی خۆجێیی


| | سەلامەتی کەسی | | ئەمنیەت | | کارگێڕی خۆجێی | | خواست و ویستەکان | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | ئاوارەکان: بە تەواوی هەست بەسەلامەتی دەکەن | خانەخۆییەکان: بە تەواوی هەست بەسەلامەتی یان پارێزراوی دەکەن[31] | ئاوارەکان: ڕەوشی ئەمنی ناوچەی ئاوارەبوون باشە | خانەخۆییەکان: ئاوارەکان هەڕەشەی ئەمنین | ئاوارەکان: داوای هاوکاری لە دەسەڵاتداران دەکەن | خانەخۆییەکان: لێهاتووی کارگێڕی خۆجێی | مانەوە لە شوێنی ئێستای خۆیان | هەست بە ئاوارەیی کردن |
| ئەبوغرێب | ٪٧٥ | ٪٩٣ | ٪٦٤ | ٪٤ | ٪٨٩ | ٪٣١ | ٪٣٩ | ٪٩٦ |
| بەعقوبە | ٪٥٧ | ٪٤٨ | ٪٧٧ | ٪١٨ | ٪٨٦ | ٪٢٩ | ٪٧٨ | ٪٨٨ |
| دهۆک | ٪٩٧ | ٪٩٢ | ٪٩٨ | ٪١٥ | ٪٨٨ | ٪٩٦ | ٪٥٤ | ٪٧٠ |
| هەولێر | ٪٩٦ | ٪٩٥ | ٪٩٥ | ٪٢٤ | ٪٨٧ | ٪٣٩ | ٪٦٠ | ٪٨٠ |
| کەرکووک | ٪٩٨ | ٪٨٤ | ٪٨٧ | ٪٣٥ | ٪٧٩ | ٪٢٥ | ٪٤٨ | ٪٨٤ |
| موسڵ | ٪٩٦ | ٪١٠٠ | ٪٥١ | ٪٨ | ٪٩٢ | ٪٤٣ | ٪٤٤ | ٪٧٩ |
| سلێمانی | ٪١٠٠ | - | ٪٩٩ | - | ٪٩٨ | - | ٪٥٤ | ٪٧٠ |
| تکریت | ٪٧٩ | - | ٪٧٤ | - | ٪٨٧ | - | ٪٤١ | ٪٩٦ |
| توزخورماتوو | ٪٦٧ | ٪٥١ | ٪٧٤ | ٪١٦ | ٪٨٩ | ٪٥٨ | ٪٢٦ | ٪٩٧ |
| زاخۆ | ٪٩٩ | ٪٥٤ | ٪٩٣ | ٪٥٩ | ٪٨٤ | ٪٥٧ | ٪٦٦ | ٪٨٧ |

٣١ هەموو ئەو ستوونانەی کە بە "خانەخۆییەکان"هاتوون ئەوە نیشاندەدات کە داتا لە هەڵسەنگاندنی "شارەکان وەکو ماڵ: تێگەیشتن لە قبوڵکردنی ئاوارەکان لەلایەن کۆمەڵگە خانەخۆییەکانە و هەستکردن بەسەر بەو کۆمەڵگەیە بوون لە لایەن ئاوارەکانەوە لە عێراق دا"

## هۆکارەکانی پەیوەست بە ناوچەی زێد

دەکرێـت خواست ویستەکان زیاتر ئاڵۆزبێت بەهۆی هەبوونی چەند بەربەرستێکی بەهێز لە ناوچەی زێد. لە ڕاستیدا، تەنانەت کاتێک ئەو ئاوارانەشی کە سورن لە سەر گەڕانەوە، لەوانەیە نەتوانن بڕیاری گەڕانەوە بدەن تاوەکو بە شێوەیەکی باشتر هەڵسەنگاندن لە نێوان مەترسییەکانی ناوچەی زێد و دەرفەتەکانی ناوچەی ئاوارەبوون ئەنجامدەدەن. لە نزیکەی لە هەموو شارەکان، پێکهاتەی دانیشتوانی ئاوارەکان گروپی هاوچەشن و وەک یەکن کاتێک دێتە سەر بابەتی ناوچە و قەزاکانی ئاوارەبوون[32] لە ئەبوغرێب - بەغدا، زۆربەی ئاوارەکان لە بنەڕەتدا هی سێ قەزان: قائیم، فەلوجە و ڕووماد‌ی لە پارێزگای ئەنبار. لە بەعقوبە، نزیکەی هەموو ئاوارەکان هی ناو دیالەن، هی هەرسێ قەزای خاڵس، مقدادیە و خانەقین. لە تکریتیش، سێ چارەگی ئاوارەکان هی قەزای بێجین، لە کاتێکدا توزخورماتوو نزیکەی هەموو ئاوارەکان هێشتان لە ناوچە و قەزای زێدی خۆیانن.

شێوەی ١٤: ناوچە و قەزا سەرەکییەکانی زێد بەپێی شاری ئاوارەبوون (عێراقی فیدراڵ)[33]





لە دهۆک، زۆربەی ئاوارەکان لە موسڵەوە یان لە شنگالەوە هاتوون، لە کەرکووکیش زۆربەیان لە حەویجە یان توزخورماتوو هاتوون. لە شاری هەولێر دۆخەکە زیاتر تێکەڵاوە (کە تیایدا دوو کۆمەڵەی گەورە لە موسڵ و حەمدانییە، چەند گروپێکی بچووکیش لە شوێنی دیکەوە هاتوون). لە شاری سلێمانیش ئاوارەکان زیاتر تێکەڵاون و هیچ گروپێک لە گروپەکانی دیکە زیاتر و زۆرتر نییە.

٣٢ ژمارەی نموونەکانی خێزانەکان بە پێی قەزایە سەرەکییەکانی زێد دەگۆڕێت لە نێوان ٢٨، بۆ ئەوانەی کە لەبنەڕەتەوە هی داقوقن، بۆ ٥٩١ ئەوانەی کە لە بنەڕەتەوە هی موسڵن. ئەنجامەکانی قەزایەکانی زێد کە کەمتر لە ١٠٠ خێزان بوون ڕووپێوی توێژینەوەکە تەنیا ڕەچاوی نیشاندانیانی کردووە. بۆ ژمارەی نموونەکانی خێزانەکانی بە پێی قەزایەکانی زێد، بڕوانە خشتەی ١٣ لە پاشکۆیەکانی ئەم ڕاپۆرتە.


٣٣ ئەم هێڵکارییەی قەزایەکانی زێدی ١٠٠ خێزان یان زیاتر نیشاندەدات بە پێی هەر شارێک.

شێوەی ١٥: قەزایە سەرەکییەکانی زێد بە پێی شاری ئاوارەبووی هەرێمی کوردستانی عێراق





لەوکاتەی هەلومەرجەکانی لە شوێنی ئاوارەبوون زۆر گرنگن بۆ ئەوەی کە چۆن خێزانەکان چارەسەرێکی هەمیشەیی هەڵدەبژێرن، بەهەمان شێوەش هەبوونی هۆشیاری دەربارەی بەربەستەکانی گەڕانەوە بۆ ناوچەی زێد زۆر گرنگە. بۆ نموونە، لە کۆی لە ٤٠٪ی ئەو خێزانانەی کە گەڕانەوەیان بە چارەسەرێکی هەمیشەیی بە باشزانی، لە ٣١٪ یان باسی ئەوەیانکرد کە ناجێگیری ئەمنی لە ناوچەی زێدیان بەربەستێک بوو. لە ٢٧٪ شیان باسی نەبوونی شوێنی نیشتەجێبوونیان کرد، لە ١٣٪ شیان تێبینی نەبوونی خزمەتگوزارییە بنەڕەتییەکانیان کرد.. دیسان لە ١٣٪ یان دەرفەتەکانی کاروکاسبی بژێوی ژیان پەیداکردنیان نەبوو. ڕێگریکردن لە گەڕانەوە، کۆستی دەروونی پەیوەست بە گەڕانەوە، کێشە و گرفتە عەشایەرییەکان و ئاشتبوونەوە و کێشە و گرفتە ئەمنیەکانی نەبوونی پێشینەی تاوان زۆر بە دەگمەن باسکران (هەریەکێک لەم کێشە و گرفتانە لەلایەن کەمتر لە ٥٪ی ئەو خێزانانەی ویستی گەڕانەوەیان هەبوو باسکرا). بە گشتی، یەکێک لە هەر دە خێزان تێبینی هەلومەرجەکانی ژیانیان کردبوو "کە بە لە (١٢٪) لە شوێنی ئاوارەبوونیان باشترە لە شوێنی زێدیان".

شێوەی ١٦: بەربەستەکانی بەردەم گەڕانەوە (ڕێژەی سەدی ئەو خێزانانەی کە دەیانەوێت بگەڕێنەوە)




خواست ویستەکانی گەڕانەوە بەهێزترە لە نێو ئەو ئاوارانەی کە لە بنەڕاتدا هی بێجین بە لە (٥٢٪)، ئەل موسەیب بە لە (٥٤٪)، شنگال بە لە (٥٤٪)، بەلەد بە لە (٥٧٪)، توزخورماتوو بە لە (٦٣٪)، هەروەها لە داقوق بە لە (٧١٪)، بەڵام لە نێو ئەو ئاوارانەی کەمتر کە لە بنەڕەتدا هی مقدادیە بە لە (٢٥٪) موسڵ بە لە (٢٥٪)، قائیم بە لە (٢٧٪)، بەعقوبە بە لە (٢٨٪)  و کەرخ بە لە (٢٩٪). نزیکەی یەکێک لە هەر پێنج خێزانێکی حەمدانیە حەزدەکەن بچنە دەرەوەی وڵات، ئەم ئەنجامەش پەیوەستە بە هەبوونی ڕێژەیەکی بەرزی مەسیحی و کەمە ئاینەکانی دیکە لەو قەزایە کە نزیکەی لە (٨٠٪) یە. سەرەڕای هەبوونی گرووپە کەمە ئاینییە-نەتەوەییەکان لە نێوا وەڵامدەرەوان، پێدەچێت مەسیحییەکان زۆر سووربن لەسەر ئەوەی عێراق بەرەو دەرەوە بەجێبێڵن، دوای ئەوانیش یەزیدییەکان ئەم ویستەیان هەیە. هەروەک پێشتووتر بەدیکرا، ویستی چوونە دەرەوە لە عێراق پاڵنەرەکەی جیاوازیکردن و نزمی ئاستی قبوڵکردنە لە لایەن کۆمەڵگەی خانەخۆیی لە شوێنی ئاوارەبوونیان، کە ئەمەش گرژیە کەمەنەتەوەیی-ئاینییە چارەسەرنەکراوەکانی ناوچەی زێدیان زیاتر دەکات.

شێوەی ١٧: ویستی گەڕانەوە بە پێی قەزای زێد (٢٠ بەرزترین قەزا)





ئەو ئاوارانەی کە ویستی گەڕانەوەیان نیشاندا لە بنەڕەتدا لە (٥٨٪) یان هی بەلەدن، لە (٦٢٪) یان هی قائیم، لە (٦٦٪) یان هی مەحموودیە، لە (٧٢٪) یان هی ئەل موسەیب و لە (٩١٪) شیان هی کەرخ بوون. بەڵام هەموویان نیگەرانی دۆخی ئەمنی بوون لە ناوچەی زێدیان. لە ئەل موسەیب، بەلەد و کەرخ ئەو ترس و نیگەرانیە هاوتەریب بووە لەگەڵ کۆستی دەروونی پەیوەست بە گەڕانەوە، ڕێگریکردن لە گەڕانەوە و کێشە و گرفتە ئەمنیەکانی نەبوونی پێشینەی تاوان. هەروەها کێشە و گرفتە ئەمنیەکانی نەبوونی پێشینەی تاوان لە لایەن چەند خێزانێکی کەمی دیکەش باسکرا کە لەبنەڕەتدا هی حەمدانیە و مقدادیە، خانەقین، شنگال، تەلەعفەر، تکریت و توزخورماتوو بوون. نەبوونی شوێنی نیشتەجێبوون وەکو گەورەترین بەربەستی بەردەم گەڕانەوە باسی لێوەکرا لەلایەن ئاوارەکانی موسڵ بە لە (٣٨٪)، خاڵس بە لە (٥١٪) و داقوق بە لە (٦٥٪)، ئەمەش پەیوەست بووە بە پێویستی چاککردنەوە خانووە ڕووخاوەکان. بەتایبەتی ئەو ژمارە بەرزەی خانووی ڕووخاو کە لەلایەن خاوەن خانووەکانەوە باسکرا لە قەزایەکانی خاڵس، بێجی، بەلەد، فەلوجە، خانەقین، شنگال، تەلەعفەر، تکریت و توزخورماتوو بوون.

شێوەی ١٨: بەربەستە سەرەکییەکانی بەردەم گەڕانەوە بە پێی قەزا سەرەکییەکان (بۆ ئەو خێزانانەی کە دەیانەوێت بگەڕێنەوە)




لە نێو ئەو خێزانانەی کە ویستی گەڕانەوەیان نیشاندا، باسی بەربەستی نەبوونی شوێنی نیشتەجێبوونیان کرد و باسی ئەوەشیان کرد کە ئەم بابەتە بەهۆی نەبوونی بەڵگەنامەکانی خاوەندارێکردن زیاتر ئاڵۆزبووە. کێشەی بزربوون، دزران و دەستبەسەر داگرتنی بەڵگەنامەکان زۆربەی جار لە ڕاپۆرتەکان دا باسی لێوە دەکرا لە لایەن ئەو ئاوارانەی کە لەبنەڕەتدا هی موسەیب بوون (لە ٪٣٤ی خاوەن خانووەکان). هەروەها زۆربەی خاوەن خانووەکانی کە لەبنەڕەتدا هی حەویجەن بە لە (٪٧٤)، داقوق بە لە (٪٨٣)، شنگال بە لە (٪٤٧)، تەلعفەر بە لە (٪٤٤) و توزخورماتوو بە لە (٪٥٨) هەرگیز بەڵگەنامەیەکی سەرلماندنی خاوەندارێکردنیان نەبووە. بۆ ئەو ئاوارانەی کە لە بنەڕەتدا هی پارێزگای دیالەن، بڕیاری گەڕانەوە زۆر ئاڵۆزترە بەهۆی هەبوونی ململانێی تائیفی و نەتەوەیی کە ڕەگ و ڕیشەیەکی درێژی هەیە و بۆ بەر لە قەیرانی ساڵی ٢٠١٤ دەگەڕێتەوە. نزیکەی یەک لەسەر سێی ئەو خێزانانەی کە لەبنەڕەتدا هی سێ قەزای خاڵس، مقدادیە و خانەقین بەر لە٢٠١٤ ئاوارەببوون. زیاتر لە یەک لەسەر سێی ئەو خێزانانەی کە لە بنەڕەتدا هی مقدادیە، موسەیب و شنگالن دەڵێن زانیاری تەواویان نییە لە سەر ناوچەکانی زێدی خۆیان، لایەنی ئەمنی لاوازە و تۆڕە کۆمەڵایەتیەکانیش هۆی ئەو لاوازییەن لەو ناوچانەی زێدیان.نزیکەی یەک لەسەر چواری ئەو خێزانانەشی کە لە بنەڕەتدا هی فەلوجەن باسی نەبوونی دەرفەتەکانی کارکاسبی بژێوی ژیان پەیداکردنیان کرد وەک سەرەکیترین بەربەستی بەردەم گەڕانەوە. هەردوو بابەتی نەبوونی زانیاری لەسەر ناوچەی زێد و نەبوونی دەرفەتەکانی کارکاسبی بژێوی ژیان پەیداکردن هۆکاری زۆر گرنگن و کاردەکەنە سەر توانای گەڕانەوە.

شێوەی ١٩: هۆکارەکانی ئاڵۆزکردنی گەڕانەوە بۆ ناوچەکانی زێد[٣٤]




٣٤ لە نێو ئەو هۆکارانەی ئاڵۆزکردنی گەڕانەوە کە لێرەدا ڕیزکراون، بەڵگەنامە کەسی و ئایا خێزانەکە ڕووبەڕووی گەڕانەوەی شکستخواردوو بووەتەوە لە هەموو خێزانەکان پرسیارکران. تەنیا ئەو خێزانانەی ئامادە و ئارەزووی گەڕانەوەیان نیشاندا پرسیاری ئەوەیان لێکرا کە زانیاری پێویستیان لەسەر ناوچەی زێد هەیە. تەنیا ئەو خێزانانەی کە خاوەنی خانوویێکن لە ناوچەی زێد پرسیاری بەڵگەنامەی خاوەندارێتیکردن کە ئایا خانووەکە ڕماوە یان بۆ نیشتەجێبوون ناشێت.

## هۆکارە کاریگەرەکانی دیکە

هۆکاری دیکە کە لەبەرچاوگیران کاتێک لە ویستەکانی خێزانە ئاوارەبووەکان تێگەیشتین، لەوانەش جۆری ڕەگەزی سەرۆک خێزان، ماوە و ژمارەی ئاوارەبوون. بە گشتی، جۆری ڕەگەزی سەرۆکی خێزان بە شێوەیەکی دیار کارینەکردە سەر ویستەکان و ئەو خێزانانەشی کە سەرۆکەکانیان ئافرەت بوو تاڕادەیەک حەز و ویستی مانەوەیان هەبوو بە لە (٥٧٪) بە بەراورد بەو خێزانانەی کە سەرۆکەکانیان پیاوە بە لە (٥٢٪). ئەو خێزانانەشی کە بەر لە ٢٠١٤ ئاوارەببوون بە ئەگەری زۆرەوە بژاردەی مانەوەیان هەڵدەبژارد لە ناوچەی ئاوارەبوون بە لە (٦٣٪) بە بەراورد بەو خێزانانەی کە بەم دواییانە ئاوارەبوون بە لە (٥١٪). هیچ جێگەی سەرسوڕمان نییە کە ئەو خێزانانەی چیدیکە خۆیان بە ئاوارە دانانێت زیاتر ئەگەری مانەوەیان هەیە بە لە (٥٩٪) بە بەراورد بەو خێزانانەی کە هێشتا خۆیان بە ئاوارە دادەنێن بە لە (٥١٪). پێدەچێت ئاوارەبوونی چەند جارەکی ویستی گەڕانەوە زیاد بکات لە نزیکەی نیوەی ئەو خێزانانە کە ڕووبەڕووی چوار جار یان زیاتری ئاوارەبوون بوونەتەوە بە لە (٤٨٪) بە بەراورد بەو خێزانانەی کە تەنیا یەک جار ئاوارەبوونە بە لە (٣٨٪). لەوکاتەی نەک هەموو ئەو خێزانانەی کە باسی ئەوەیانکرد کە سەر بەر ئاینی-کەمەنەوەیین، ئەوانەی کە باسی ئەو بژاردەیانکرد، وەکو عەرەبی سوننە و کوردی سوننە زیاتر لە عەرەبی شیعە و کوردی شیعە ویستی مانەوەیان هەبوو لە شوێنی ئێستای خۆیان. بە بەراورد بەمەش، ڕێژەیەکی کەمتری کوردی یەزیدی ویستی مانەوەیان هەبوو بە لە (٣٩٪)، ئەگەرچی ئێستا بە لە (٢٠٪) کۆی گشتی دانیشتوانی ئاوارەبوو هەژمار دەکرێن لە عێراق دا، ئەمەش پێشنیازی ئەوەدەکات کە لەوانەیە ئەو کوردە یەزیدییانە ڕووبەڕووی زەحمەتی زیاتر و گەورەتر ببنەوە لە گەڕانەوەیان دا. [٣٥]

# ئەنجام

شارەکان ئاسانکاریەکی زیاتر دێننە ڕێی خەڵکانی ئاوارە لە ڕووی ئەمنیەت، دەرفەتەکانی بژێوی ژیان پەیداکردن و دەستگەیشتن بە خزمەتگوزارییە بنەڕەتییەکان، ئەمانەش زیاتر بەردەستن وەک لە دەرەوەی شارەکان. ئەم هەلومەرجانەش زۆر پێویستن بەلای خێزانە ئاوارەکانەوە تاوەکو تاڕادەیەک پێویستی خۆیان بە دەست بێنن و دەستیان بە ئاژانسێکی پێویستیش بگات تا ئەو ئاژانسە دەستگەیشتنی خێزانەکان بەو هەلومەرجانە وەکو چارەسەرێکی هەمیشەیی ببینێت. هەرچەندە ئەو ئاوارەبوونە شارییە درێژخایەنەیش ڕووبەڕووی ئاڵنگاری دەبنەوە، لەوانەش ڕووبەڕووی پەراوێزخستن و تێچووی بەرزتری ژیان لە شارەکان، کە ئەمانەش وادەکەن کەمدەرامەتیان زیاد بکات و کەمتر بەرەوپێشچوونیان هەبێت بەرەو گەیشتن بە چارەسەرێکی هەمیشەیی بۆ ئاوارەبوونەکەیان. ئەم هەڵسەنگاندنە ویستی لە بەرەوپێشچوونی خێزانە ئاوارەکان بەرەو پشت بەخۆبەستن و کاریگەرییەکانی ئەو پست بە خۆبەستنە لەسەر چارەسەری هەمیشەیی بە باشزانراویان تێبگات. ئەوەی کە بەدیکرا، نزیکەی لە (٧٠٪) ی ئەو خێزانانەی کە گەیشتوونەتە ئاستێکی بەرزتری پشت بەخۆ بەستن ویستی مانەوەیان لە شوێنی ئێستایان هەیە (بەرانبەر بە لە (٤٩٪) ی ئەو خێزانانەی کە لە ئاستێکی نزمتری پشت بەخۆ بەستنن). ئەو خێزانانەشی کە بەرەوپێشچوونێکی بەرچاویان لەگەیشتن بە پشت بەخۆبەستن هەیە کەمتر خۆیان بە ئاوارە دادەنێن بە لە (٦٤٪ بەرانبەر بە لە ٨٧٪ ی ئەو خێزانانەی کە هیچ یان تەنیا یەک پێوەری گەیشتن بە پشت بە خۆبەستنیان هەیە). هەبوونی توانای دابینکردنی پێداویستییە سەرەکییەکان و گەیشتن بە جۆرێک لە جێگیری ئابووری لە ناوچەی ئاوارەبوون بەرەو بڕیاردان بۆ یەکخستنی خۆجێیان دەبات. تایبەتمەندییەکانی کەمدەرامەتی کە زۆربەی کات ئەو تایبەتمەندییانە هاوپەیوەستن بەکتریەوە، وەکو قەرزاربوون و پشت بەستن بە سەرچاوەیەکی داهاتی نافەرمی یان کارکردنی ڕۆژانە توانای خێزانە ئاوارەکانی کەمدەکاتەوە لە گەڕانەوەیەکی دڵنیا کە چارەسەری هەمیشەیی بە باشزانراویانە. هۆکارەکانی وەکو جیاوازیکردن و قبوڵکردنێکی ئاست نزم لە لایەن کۆمەڵگە خانەخۆییەکانەوە، لەولاشەوە، پاڵنەری "هەست بە ئاوارەیی کردن"، بە شێوەیەکی بنەڕەتی خواست ویستی گەڕانەوە زیاد ناکات، لە هەندێک باریشدا کاردەکاتە سەریان تا بڕیاری چوونە دەرەوەی عێراق بدەن. ئەو پەیڕەو پرۆگرامانەشی کە باسی پاڵنەرەکانی کەمدەرامەتبوون دەکەن لە نێو خێزانە ئاوارەکان، کە پاڵپشتی ئەو خێزانانە دەکات بۆ بەرەوپێشچوون بەرەو پشت بەخۆبەستن، پەیڕەو پرۆگرامی زۆر گرنگ و بنەڕەتین لە چارەسەرکردنی قەیرانی ئاوارەبوونی شاری درێژخایەن لە عێراق دا لەڕێگەی یەکخستنی خۆجێییەوە. بە هەبوونی بناغەیەکی هێواش بەرەوپێشچووی داتای بەردەست لەسەر ئاوارەبوونی شاریی، دەبێت ئەو بەشداریکردنانەش بەشێوەیەکی زیاتر پڕ بەبەر و پڕکەرەوەی ئەو تایبەتمەندی و پێداویستییانە بێت کە لەلایەن ئەم هەڵسەنگاندنەوە دیاریکراون، جا لە نێو هەریەکێک لە شارەکان یان ئەو ناوچە دیارانە بێت کە چەند گروپێکی گەورەی ئاوارەیبووی شارییان لە خۆگرتووە.

٣٥ هەڵسەنگاندنی شوێنی یەکخراوی ٥ (ILA V) ئەوەی بۆ دەرکەوت کە تاڕادەیەک ڕێژەی ئاوارە یەزدییەکان لە ناو ڕێژەی دانیشتوانی ئاوارەکان بە لە (٨٪) لە ٢٠١٨ بۆ لە (٢٠٪) لە ٢٠٢٠ زیادیکردووە.

# پاشکۆکان

پاشکۆی ١: تایبەتمەندییەکانی نموونە (دیارخەرە سەرەکییەکانی شارەکان)

| شار | ژمارەی شوێنەکان | ژمارەی خێزانەکان | وەرگرتن و پێشوازیکردن لە ئاوارەکان | ڕێژەی گۆڕان | ڕێژەی دانیشتوان بۆ ئاوارەکان[٣٦] |
|---|---|---|---|---|---|
| ئەبوغرێب- بەغدا | ٣٦٥ | ٣٢٥١ | نزم لە (٢٪) | نا جێگیر لە (-٤٢٪) | ٠,٣ |
| بەعقوبە | ١٦ | ٢٢٢٨ | نزم لە (١٪) | جێگیر لە (-٥٪) | ٥ |
| دهۆک | ٤٤ | ٥٦٧٥ | مامناوەند لە (٣٪) | جێگیر لە (-٨٪) | ١٠ |
| هەولێر | ٩٣ | ٢٠٦٢٩ | بەرزلە (١٢٪) | جێگیر لە (+٢٪) | ١٤ |
| کەرکووک | ٣٨ | ١٢٢٣٤ | مامناوەند لە (٧٪) | جێگیر لە (+٣٪) | ٨ |
| موسڵ | ٨٦ | ١٦١٣١ | مامناوەند لە (٩٪) | جێگیر لە (-٩٪) | ٧ |
| سلێمانی | ١٥١ | ١٠٤١٢ | مامناوەند لە (٦٪) | جێگیر لە (+٣٪) | ٩ |
| تکریت | ٢٣ | ١٤٧٨ | نزم لە (١٪) | تاڕادەیەک نا جێگیر لە (-٢٣٪) | ٨ |
| توزخورماتوو | ٨ | ٢٨٥٦ | نزم لە (٢٪) | تاڕادەیەک جێگیر لە (-١٥٪) | ١٧ |
| زاخۆ | ١٣ | ٦٥٧٤ | مامناوەند لە (٤٪) | جێگیر لە (-٦٪) | ١٩ |

٣٦ قورسایی ئاوارەبوون بە شێوەیەک ژمێردرا کە وەکو ڕێژەی نێوان دانیشتوانی ئاوارەبوو لەگەڵ کۆمەڵگەی خانەخۆیی جارانی ١٠٠ کرا. خەملاندنەکانی دانیشتوانی ئاوارەبوو بۆ لیستی سەرەکی ژمارە ١١٧ ی تۆماری بەدواداچوونی ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کۆچ لە (ئابی ٢٠٢٠) دەگەڕێتەوە، لەوکاتەی خەملاندنەکانی دانیشتوانی شاری لەڕێگەی بەکارهێنانی شێوەکانی سالی ٢٠٠٩ و خەملاندنی فەرمی دانیشتوانی شار لەسەر ئاستی شار - دێ - ناحیە بە گوێرەی لیستی خێزان ژمێردرا و هەژماردنی بۆ کرا. خەملاندنەکانیش بەردەستن لە: https://www.citypopulation.de/Iraq-Cities.html

پاشکۆی ٢: تایبەتمەندییەکانی دانیشتوانی ئاوارەبوو

| شار | تەمەن | | | | خێزان | ڕێژەی سەربەخۆبوون | تێکرای ژمارەی ئەندامانی خێزان | ئەو خێزانانەی کە ئەندامی زەحمەتی کارکردنیان هەیە (ئەندامی خاوەن پێداویستی تایبەت) | ئاوارەبوونی درێژخایەن | ئاوارەبووی پێش ٢٠١٤ | ئاوارەبوونی چەند جاری |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | < ٥ | ١٧-٥ | ١٨-٥٩ | +٦٠ | | | | | | | |
| ئەبوغرێب- بەغدا | ٪١٤ | ٪٤٥ | ٪٣٩ | ٪٢ | ٪٢٧ | ١,٥٩ | ٦ | ٪٩ | ٪٩٩ | ٪٣ | ٪٣٨ |
| بەعقوبە | ٪١٣ | ٪٣٥ | ٪٤٧ | ٪٥ | ٪٢٦ | ١,١٢ | ٦ | ٪١٣ | ٪٩٧ | ٪٣٤ | ٪٥٤ |
| دهۆک | ٪١١ | ٪٣٢ | ٪٥١ | ٪٦ | ٪١٠ | ٠,٩٧ | ٧ | ٪٢٥ | ٪٩٩ | ٪١٥ | ٪٦٤ |
| هەولێر | ٪١٢ | ٪٣٤ | ٪٤٩ | ٪٥ | ٪١٩ | ١,٠٤ | ٦ | ٪٢٥ | ٪٩٤ | ٪١٩ | ٪٢٨ |
| کەرکووک | ٪١٤ | ٪٤٤ | ٪٤٠ | ٪٣ | ٪٢٠ | ١,٥٣ | ٧ | ٪٢٠ | ٪٩٢ | ٪٣ | ٪٤٩ |
| موسڵ | ٪١٢ | ٪٤٠ | ٪٤٤ | ٪٤ | ٪١٦ | ١,٢٦ | ٧ | ٪٢٣ | ٪٨١ | ٪٦ | ٪٣٧ |
| سلێمانی | ٪١١ | ٪٣٩ | ٪٤٧ | ٪٤ | ٪١٠ | ١,١٣ | ٦ | ٪٩ | ٪٨٨ | ٪١١ | ٪٢٥ |
| تکریت | ٪١٣ | ٪٣٤ | ٪٤٩ | ٪٤ | ٪١٩ | ١,٠٤ | ٦ | ٪١٤ | ٪٩٨ | ٪٦ | ٪٨٩ |
| توزخورماتوو | ٪١٣ | ٪٣٧ | ٪٤٤ | ٪٦ | ٪٢٤ | ١,٢٥ | ٧ | ٪٢٠ | ٪٩٩ | ٪٦ | ٪٣٣ |
| زاخۆ | ٪١٤ | ٪٣٥ | ٪٤٧ | ٪٤ | ٪١٠ | ١,١٢ | ٧ | ٪٢١ | ٪٩٩ | ٪١١ | ٪٤١ |
| **کۆی گشتی** | ٪١٢ | ٪٣٨ | ٪٤٦ | ٪٤ | ٪١٧ | ١,١٩ | ٧ | ٪٢٠ | ٪٩٤ | ٪١١ | ٪٣٨ |

پاشکۆی ٣: سەرچاوە سەرەکییەکانی داهات (دەشێت زیاتر لە وەڵامێک هەبێت)

| شار | بازرگانی نافەرمی یان کاکردنی ڕۆژانە | کارکردن لە کەرتی گشتی | کارکردنی لە کەرتی تایبەت | خانەنشینی | پارە لە هاوڕێ - و بنەماڵەوە لە ناوەوەی عێراق | کار و بزنسی خۆی | پارە قەرزکردن لە هاوڕێ یان بنەماڵە | پاشەکەوت | پارەپێدان کاش-پارەی بەخشین و هاوکاری دەزگا ناوخۆییەکان | کرێی موڵک |
| --- | --- | --- | --- | --- | --- | --- | --- | --- | --- | --- |
| ئەبوغرێب- بەغدا | ٪٦٤ | ٪١٥ | ٪٢ | ٪٧ | ٪١٠ | ٪٩ | ٪١٥ | ٪٥ | ٪٦ | ٪٣ |
| بەعقوبە | ٪٣٤ | ٪١١ | ٪١٦ | ٪١٦ | ٪٤ | ٪١٢ | ٪٣ | ٪١ | ٪٢ | ٪١ |
| دهۆک | ٪٢٩ | ٪٣٨ | ٪١٨ | ٪١١ | ٪٤ | ٪٤ | ٪٢ | ٪١ | ٪١ | ٪١ |
| هەولێر | ٪٢٣ | ٪٢٦ | ٪١٩ | ٪٢٠ | ٪٤ | ٪١٣ | ٪١ | ٪٣ | ٪٢ | ٪١ |
| کەرکووک | ٪٦٢ | ٪١٢ | ٪٣ | ٪٨ | ٪٨ | ٪٦ | ٪٣ | ٪١ | ٪٢ | ٪٠ |
| موسڵ | ٪٤٥ | ٪١٤ | ٪١٤ | ٪٩ | ٪١٤ | ٪٥ | ٪٣ | ٪٠ | ٪٣ | ٪٠ |
| سلێمانی | ٪٦١ | ٪١٦ | ٪٦ | ٪١٥ | ٪٥ | ٪٢ | ٪١ | ٪١ | ٪١ | ٪١ |
| تکریت | ٪٤٣ | ٪١٨ | ٪٢٤ | ٪١١ | ٪٤ | ٪١٩ | ٪١٠ | ٪٦ | ٪٠ | ٪٠ |
| توزخورماتوو | ٪٥٠ | ٪٢٦ | ٪٦ | ٪١٨ | ٪١٤ | ٪١٢ | ٪١٢ | ٪٠ | ٪٣ | ٪٠ |
| زاخۆ | ٪٤٢ | ٪٢٢ | ٪٢٨ | ٪٣ | ٪٢ | ٪٣ | ٪١ | ٪١ | ٪١ | ٪٠ |
| **کۆی گشتی** | ٪٤٣ | ٪٢٠ | ٪١٣ | ٪١٢ | ٪٧ | ٪٧ | ٪٣ | ٪٢ | ٪٢ | ٪١ |

پاشکۆی ٤: پێداویستییە سەرەکییەکان (دەشێت زیاتر لە وەڵامێک هەبێت)

| شار | چاودێری تەندروستی | شوێنی حەوانەوەی نوێ | بازرگانی یان کارو کاسبی بژێوی ژیان پەیداکردن | قەرزدانەوە | خۆراک | پاڵپشتیکردنی خێزانی گەورە | چاککردنەوەی خانوو لەناوچەی زێد | پەروەردە | وەبەرهێنان | جل و بەرگ | چاککردنەوەی شوێنی حەوانەوەی ئێستا | هاتوو چۆ و گواستنەوە | یارمەتیدانی ئەوانی دیکە | هی دیکە |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ئەبوغرێب-بەغدا | ٣٥٪ | ٢٩٪ | ٣٠٪ | ٣٩٪ | ٣٣٪ | ٢٥٪ | ٢٧٪ | ٧٪ | ٢١٪ | ١٤٪ | ٣٪ | ١٪ | ١٪ | ٠٪ |
| بەعقوبە | ٢٤٪ | ٣٩٪ | ١٦٪ | ٤٤٪ | ١٩٪ | ١٨٪ | ١٦٪ | ٤٪ | ٦٪ | ٨٪ | ١٨٪ | ١٪ | ٣٪ | ٠٪ |
| دهۆک | ٥٨٪ | ٢٥٪ | ٢٥٪ | ٣٢٪ | ٤٢٪ | ٢٩٪ | ٩٪ | ١٨٪ | ٩٪ | ١٧٪ | ١٠٪ | ٥٪ | ٤٪ | ١٪ |
| هەولێر | ٤٨٪ | ٢٩٪ | ٢٠٪ | ٣١٪ | ٢٩٪ | ٢٥٪ | ١٠٪ | ٢٠٪ | ١٠٪ | ٨٪ | ٦٪ | ٦٪ | ١٪ | ٤٪ |
| کەرکووک | ٣٠٪ | ٢٥٪ | ٣١٪ | ٢٠٪ | ٤٨٪ | ١٦٪ | ١٩٪ | ٩٪ | ٣٪ | ١٠٪ | ٢٠٪ | ٠٪ | ٠٪ | ٠٪ |
| موسڵ | ٣٠٪ | ٢٦٪ | ٥٨٪ | ٣٨٪ | ٦٪ | ١٩٪ | ٢٨٪ | ١٢٪ | ١٠٪ | ١٪ | ٥٪ | ٠٪ | ٠٪ | ١٪ |
| سلێمانی | ٢٦٪ | ١٩٪ | ١٨٪ | ٨٪ | ٢٠٪ | ٢٤٪ | ٨٪ | ٩٪ | ١١٪ | ١١٪ | ١٪ | ١٢٪ | ١٪ | ٦٪ |
| تکریت | ٥٠٪ | ١٤٪ | ١٥٪ | ٤٥٪ | ٤٣٪ | ١١٪ | ٤٤٪ | ٥٪ | ٩٪ | ١١٪ | ٦٪ | ١٪ | ١٪ | ٠٪ |
| توزخورماتوو | ٣٧٪ | ٣٥٪ | ٢٩٪ | ٤١٪ | ٢٣٪ | ٤٣٪ | ٣٧٪ | ٢٤٪ | ٦٪ | ١٠٪ | ١١٪ | ٠٪ | ٢٪ | ٠٪ |
| زاخۆ | ٣٧٪ | ٢٢٪ | ٢٢٪ | ٣١٪ | ٣٠٪ | ٢٩٪ | ٦٪ | ٩٪ | ٢٢٪ | ٢٧٪ | ١٩٪ | ٢٪ | ٣٪ | ٠٪ |
| **کۆی گشتی** | ٣٧٪ | ٣٢٪ | ٣٠٪ | ٢٩٪ | ٢٧٪ | ٢٣٪ | ١٧٪ | ١٣٪ | ١٠٪ | ١٠٪ | ٩٪ | ٤٪ | ١٪ | ٢٪ |

پاشکۆی ٥: باشترین لایەنی ژیان لە شوێنی ئێستا (بە بەراورد بە شوێنی زێد)

| شار | ئەمنیەت | ئازادی جوڵە و هاتوچۆ | چاودێری تەندروستی | پەروەردە | نیشتەجێبوون | دەرفەتەکانی کار و کاسبی بژێوی ژیان پەیداکردن | تۆڕی پاڵپشتی کۆمەڵایەتی | تێچووی ژیان | چاودێری دەروونی-کۆمەڵایەتی | پاڵپشتیکردنی ئاشتەوایی | ئازادی سیاسی |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ئەبوغرێب-بەغدا | ٪٦٤ | ٪٢٢ | ٪٢٨ | ٪٣٨ | ٪١٢ | ٪٢٣ | ٪٢٧ | ٪٢٤ | ٪٣ | ٪٣ | ٪٠ |
| بەعقوبە | ٪٧٧ | ٪٣٩ | ٪٢١ | ٪٣٨ | ٪٣٩ | ٪٢٣ | ٪٩ | ٪٢٢ | ٪٣ | ٪١ | ٪٠ |
| دهۆک | ٪٩٨ | ٪٥١ | ٪٣٨ | ٪٢٤ | ٪٦ | ٪١٠ | ٪١٣ | ٪٣ | ٪١٤ | ٪٦ | ٪٤ |
| هەولێر | ٪٩٥ | ٪٣٧ | ٪٢٩ | ٪٢٥ | ٪٢٤ | ٪٢٢ | ٪١٣ | ٪٩ | ٪٧ | ٪٣ | ٪٢ |
| کەرکووک | ٪٨٧ | ٪٤٢ | ٪١٨ | ٪٢٥ | ٪٢٣ | ٪٤١ | ٪٨ | ٪٩ | ٪١ | ٪٠ | ٪٠ |
| موسڵ | ٪٥١ | ٪٢٢ | ٪٤١ | ٪٤٠ | ٪٣٦ | ٪١٨ | ٪١٨ | ٪١٢ | ٪٢ | ٪١ | ٪٠ |
| سلێمانی | ٪٩٩ | ٪٥٢ | ٪٤٧ | ٪١٣ | ٪١٤ | ٪٢٢ | ٪١ | ٪٩ | ٪٨ | ٪١ | ٪٢ |
| تکریت | ٪٧٤ | ٪٢٠ | ٪٢٣ | ٪٢٥ | ٪٢٨ | ٪٣٣ | ٪١٥ | ٪٢٤ | ٪٣ | ٪١ | ٪٠ |
| توزخورماتوو | ٪٧٤ | ٪٣٩ | ٪٤٢ | ٪٣٤ | ٪٣٤ | ٪٢٢ | ٪١٢ | ٪٢١ | ٪١٢ | ٪٣ | ٪١ |
| زاخۆ | ٪٩٣ | ٪٤٥ | ٪٣٨ | ٪٣١ | ٪١٨ | ٪١٦ | ٪١١ | ٪٧ | ٪١٣ | ٪٥ | ٪٣ |
| **کۆی گشتی** | **٪٨٣** | **٪٣٨** | **٪٣٣** | **٪٢٨** | **٪٢٤** | **٪٢٣** | **٪١٢** | **٪١١** | **٪٦** | **٪٢** | **٪١** |

پاشکۆی ٦: بەرەوپێشچوون بەرەو پشت بەخۆبەستن (دەرخەرە تاکییەکان)

| شار | هەبوونی توانا بۆ دابینکردنی پێداویستییە سەرەکییەکان | کارکردنی سەرۆکی خێزان | هەبوونی سەرچاوەیەکی جێگیری داهات | ئاسوودە بوون لە هەبوونی هەمان یان باشتر بوونی هەلومەرج و ڕەوشی ژیانی ئێستایان لە پێشووتر | هەبوونی خانوو |
|---|---|---|---|---|---|
| ئەبوغرێب- بەغدا | ٪٤٥ | ٪٨٧ | ٪٣٥ | ٪٤٤ | ٪٢ |
| بەعقوبە | ٪٦١ | ٪٤٢ | ٪٥٣ | ٪٤٦ | ٪٩ |
| دهۆک | ٪٧٤ | ٪٧٢ | ٪٦٩ | ٪٢٩ | ٪١٣ |
| هەولێر | ٪٧٠ | ٪٤٥ | ٪٧١ | ٪٤٠ | ٪٦ |
| کەرکووک | ٪٢٢ | ٪٨١ | ٪٢٨ | ٪٢٩ | ٪١١ |
| موسڵ | ٪٦٥ | ٪٥٢ | ٪٣٩ | ٪٢٦ | ٪٨ |
| سلێمانی | ٪٧٠ | ٪٤٧ | ٪٣٨ | ٪٣٥ | ٪٤ |
| تکریت | ٪٥٤ | ٪٢٨ | ٪٥٩ | ٪٢٨ | ٪٢ |
| توزخورماتوو | ٪٥٥ | ٪٥٦ | ٪٥٤ | ٪١٩ | ٪٨ |
| زاخۆ | ٪٦٥ | ٪٦٢ | ٪٥٢ | ٪٣٢ | ٪١٤ |
| **کۆی گشتی** | **٪٦٠** | **٪٥٧** | **٪٥٠** | **٪٣٣** | **٪٨** |

پاشکۆی ٧: پشت بەخۆ بەستن، خواست ویستەکان و هەست کردن بە "ئاوارەیی"

| | ئاستی نزمی پشت بەخۆبەستن (٠-١ تایبەتمەندی) | ئاستی مامناوەندی پشت بەخۆبەستن (٢-٣ تایبەتمەندی) | ئاستی بەرزی پشت بەخۆبەستن (٤-٥ تایبەتمەندی) |
|---|---|---|---|
| گەڕانەوە بۆ ناوچەی زێد | ٪٤٤ | ٪٤٢ | ٪٢٦ |
| مانەوە لە شوێنی ئێستای خۆیان | ٪٤٩ | ٪٥١ | ٪٦٨ |
| چوونە شوێنێکی دیکە لە عێراق | ٪١ | ٪١ | ٪١> |
| چوونە دەرەوەی عێراق | ٪٢ | ٪٣ | ٪٢ |
| بڕیارنەدراو | ٪٤ | ٪٣ | ٪٤ |
| هەستکردن بە "ئاوارەیی" | ٪٨٧ | ٪٨٠ | ٪٦٤ |
| هەست نەکردن بە "ئاوارەیی" | ٪١٢ | ٪١٩ | ٪٣٥ |

پاشکۆی ٨: ئاوارەبوونە درێژخایەنەکان، چەند جارییەکان و دووەمیەکان

| شار | ئاوارەبووی پێش تەمموزی ٢٠١٧ | ئاوارەبوونی چەند جاری | ئەو گەڕانەوانەی جارێک شکستیانخواردووە |
|---|---|---|---|
| ئەبوغرێب- بەغدا | ٪٩٩ | ٪٣٨ | ٪٢٣ |
| بەعقوبە | ٪٩٧ | ٪٥٤ | ٪٣٣ |
| دهۆک | ٪٩٩ | ٪٦٤ | ٪١٣ |
| هەولێر | ٪٩٤ | ٪٢٨ | ٪٢٠ |
| کەرکووک | ٪٩٢ | ٪٤٩ | ٪٢٥ |
| موسڵ | ٪٨١ | ٪٣٧ | ٪١٩ |
| سلێمانی | ٪٨٨ | ٪٢٥ | ٪١٠ |
| تکریت | ٪٩٨ | ٪٨٩ | ٪٥٦ |
| توزخورماتوو | ٪٩٩ | ٪٣٣ | ٪٦٦ |
| زاخۆ | ٪٩٩ | ٪٤١ | ٪٩ |
| **کۆی گشتی** | **٪٩٢** | **٪٣٨** | **٪٢٣** |

پاشکۆی ٩: پێوەرەکانی کەمدەرامەتی

| شار | کارکردنی ڕۆژانە یەکەم سەرچاوەی داهاتە | قەرزاربوون[٣٧] | هیچ سەرچاوەیەکی داهاتیان نییە | هەست بە ئاسوودەیی ناکەن کە داوای یارمەتی لە دەسەڵاتداران دەکەن | پارەپێدان و بەخشین و هاوکاری لایەنی دەرەکی یەکەمین سەرچاوەی داهاتە[٣٨] | لە شوێنەی حەوانەوەی زۆر خراپ دەژین | هەست بەوە دەکەن کە تەنیا تۆزێک یان هەر هیچ قبوڵکراو نین | بە دەست جیاوازییکردنەوە دەناڵێنن |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ئەبوغرێب- بەغدا | ٪٥٩ | ٪٣٩ | ٪٢ | ٪٦ | ٪٥ | ٪٠,٣ | ٪١ | ٪٠ |
| بەعقوبە | ٪٣٢ | ٪٤٤ | ٪٥ | ٪٨ | ٪٨ | ٪٨ | ٪١ | ٪٤ |
| دهۆک | ٪٢٦ | ٪٣٢ | ٪٣ | ٪٩ | ٪٤ | ٪٤ | ٪٤ | ٪٤ |
| هەولێر | ٪٢١ | ٪٣١ | ٪٣ | ٪٦ | ٪٥ | ٪٣ | ٪١ | ٪٢ |
| کەرکووک | ٪٥٩ | ٪٢٠ | ٪٦ | ٪٢٠ | ٪٨ | ٪٧ | ٪١ | ٪٠ |
| موسڵ | ٪٤٢ | ٪٣٨ | ٪٢ | ٪٦ | ٪١٥ | ٪١٧ | ٪٢ | ٪٢ |
| سلێمانی | ٪٥٧ | ٪٨ | ٪٠ | ٪٢ | ٪٥ | ٪٠,١ | ٪٠ | ٪٠ |
| تکریت | ٪٣١ | ٪٤٥ | ٪٨ | ٪١٣ | ٪٣ | ٪٤ | ٪٢ | ٪٣ |
| توزخورماتوو | ٪٣٦ | ٪٤١ | ٪١ | ٪١١ | ٪٤ | ٪٤ | ٪١ | ٪١ |
| زاخۆ | ٪٤٠ | ٪٣١ | ٪٤ | ٪١٦ | ٪٢ | ٪١ | ٪٧ | ٪٣ |
| **کۆی گشتی** | **٪٤٠** | **٪٢٩** | **٪٣** | **٪٩** | **٪٧** | **٪٦** | **٪٢** | **٪٢** |

٣٧ خێزانەکان بە قەرزدار دادەنران ئەگەر وەها وەڵامیان داباوە کە قەرزەکانیان دەداوە "ئەگەر هاتباوو بڕە پارەیەکی زۆریان وەرگرتبووایە".

٣٨ سەرچاوە ناجێگیرەکانی دەستکەوتنی داهات بریتین لە: بە قەرز وەرگرتنی پارە لە خێزانێک یان هاوڕێیەک، دامەزراوەیەک یان بانکێک، یان وەرگرتنی پارە لە خێزان و هاوڕێ لە ناوەوەی عێراق، پارە پێدانی چاودێری، بەخشین یان شێوەکانی دیکەی هاوکاری لە دامەزراوەیەکی ناوخۆیی یان نێودەوڵەتی (لەوانەش خێرخوازییەکان و کڵێساییەکان)، هەروەها هاوکارییەکانی حکومەت (لەوانەش قەرەبووکردنەوە).

پاشکۆی ١٠: ویستی گەڕانەوەیان هەیە و هەست بە "ئاوارەیی" دەکەن، بە پێی دەرخەرەکانی بڕی پێویستی پشت بەخۆ بەستن

| | | حەزدەکەن بگەڕێنەوە | هەست بە "ئاوارەیی" دەکەن |
|---|---|---|---|
| ڕەوشی نیشتەجێبوون | شوێنی حەوانەوەی زۆر خراپ | ٪٤٠ | ٪٨١ |
| | خاوەن خانووی خۆی | ٪٣٣ | ٪٦٦ |
| قەرزداربوون | قەرزدارە | ٪٣٨ | ٪٨١ |
| | پاشەکەوتی هەیە | ٪١٨ | ٪٧٥ |
| ڕەوشی کاروکاسبی بژێوەی ژیان پەیداکردن | پشت بەسەرچاوە ناجێگیرەکانی داهات دەبەستێت | ٪٤٦ | ٪٨٣ |
| | پشت بەسەرچاوە جێگیرەکانی داهات دەبەستێت | ٪٣٥ | ٪٧٨ |
| جیاوازییکردن | بە دەست جیاوازیکردنەوە دەناڵێنن | ٪٣٨ | ٪١٠٠ |
| | کێشەی جیاوازیکردنیان نییە | ٪٤١ | ٪٨٠ |
| بەشداریکردنی سیاسی | لە هەڵبژاردنەکانی ساڵی ٢٠١٨ دەنگیان نەداوە | ٪٣٤ | ٪٧٦ |
| | لە هەڵبژاردنەکانی ٢٠١٨ دەنگیان داوە | ٪٤٣ | ٪٨١ |

پاشکۆی ١١: قەزایە سەرەکییەکانی زێد (وەکو ڕێژەی سەدی کۆی گشتی ئاوارەکان لە هەر شارێکدا)

| قەزای زێد | شاری بەغدا-ئەبوغرێب | شاری بەعقوبە | شاری دهۆک | شاری هەولێر | شاری کەرکووک | شاری موسڵ | شاری سلێمانی | شاری تکریت | شارۆچکەی توزخورماتوو | شارۆچکەی زاخۆ | کۆی گشتی |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| حەمدانیە | ٪٠ | ٪٠ | ٪٠ | ٪١٣ | ٪٠ | ٪٢ | ٪٠ | ٪٠ | ٪٠ | ٪٠ | ٪٤ |
| حەویجە | ٪٠ | ٪٢ | ٪٠ | ٪٠ | ٪٤٣ | ٪٠ | ٪٠ | ٪١ | ٪١ | ٪٠ | ٪٧ |
| قائیم | ٪٨ | ٪٠ | ٪٠ | ٪٥ | ٪٠ | ٪٠ | ٪٢ | ٪٠ | ٪٠ | ٪٠ | ٪٢ |
| خاڵس | ٪٠ | ٪١٥ | ٪٠ | ٪٠ | ٪١ | ٪٠ | ٪١ | ٪٠ | ٪٢ | ٪٠ | ٪١ |
| مقدادیە | ٪٢ | ٪٣٢ | ٪٠ | ٪٠ | ٪١ | ٪٠ | ٪٢ | ٪٠ | ٪٠ | ٪٠ | ٪١ |
| موسەیب | ٪٣ | ٪٠ | ٪٠ | ٪٠ | ٪١ | ٪٠ | ٪٧ | ٪٠ | ٪٠ | ٪٠ | ٪١ |
| بەعقوبە | ٪٠ | ٪٥ | ٪٠ | ٪١ | ٪٢ | ٪٠ | ٪٨ | ٪٠ | ٪٠ | ٪٠ | ٪٢ |
| بێجی | ٪٣ | ٪١ | ٪٠ | ٪٨ | ٪٧ | ٪٠ | ٪٦ | ٪٧٤ | ٪٠ | ٪٠ | ٪٥ |
| بەلەد | ٪٧ | ٪٢ | ٪٠ | ٪١ | ٪٠ | ٪٠ | ٪٧ | ٪٣ | ٪٠ | ٪٠ | ٪١ |
| داقوق | ٪٠ | ٪١ | ٪٠ | ٪٠ | ٪٦ | ٪٠ | ٪٠ | ٪٠ | ٪٠ | ٪٠ | ٪١ |
| فەلوجە | ٪٣٨ | ٪٠ | ٪٠ | ٪٦ | ٪١ | ٪٠ | ٪٥ | ٪١ | ٪٠ | ٪٠ | ٪٤ |
| کەرخ | ٪٠ | ٪٠ | ٪٠ | ٪١ | ٪٠ | ٪٠ | ٪٦ | ٪٠ | ٪٠ | ٪٠ | ٪١ |
| خانەقین | ٪٠ | ٪٣١ | ٪٠ | ٪١ | ٪١ | ٪٠ | ٪١ | ٪٠ | ٪٠ | ٪٠ | ٪١ |
| مەحمودیە | ٪٦ | ٪٠ | ٪٠ | ٪١ | ٪٠ | ٪٠ | ٪٦ | ٪٠ | ٪٠ | ٪٠ | ٪١ |
| موسڵ | ٪٨ | ٪٠ | ٪٤٥ | ٪٢٥ | ٪٣ | ٪٣٩ | ٪٣ | ٪٢ | ٪٠ | ٪٢٠ | ٪٢٠ |
| ڕوومادی | ٪١٤ | ٪٠ | ٪٠ | ٪٦ | ٪٠ | ٪٠ | ٪١١ | ٪٠ | ٪٠ | ٪٠ | ٪٤ |
| شنگال | ٪٣ | ٪٠ | ٪٤٥ | ٪٢ | ٪٠ | ٪٢٦ | ٪١ | ٪٠ | ٪٠ | ٪٥٥ | ٪١٤ |
| تەلەعفەر | ٪٠ | ٪٠ | ٪٤ | ٪٢ | ٪٢ | ٪٢٤ | ٪٢ | ٪٠ | ٪٠ | ٪٢٢ | ٪٨ |
| تکریت | ٪٠ | ٪٢ | ٪٠ | ٪٥ | ٪٢ | ٪٠ | ٪٣ | ٪٤ | ٪١ | ٪٠ | ٪٢ |
| توزخورماتوو | ٪٠ | ٪٢ | ٪٠ | ٪٠ | ٪١٥ | ٪٠ | ٪٢ | ٪٠ | ٪٩٤ | ٪٠ | ٪٦ |
| کۆی گشتی | ٪٩١ | ٪٩٢ | ٪٩٥ | ٪٨٠ | ٪٨٦ | ٪٩١ | ٪٧٣ | ٪٨٦ | ٪٩٨ | ٪٩٧ | ٪٨٦ |

پاشکۆی ١٢: خواست ویستەکانی داهاتوو بە پێی قەزای زێد

| قەزای زێد | ژمارەی خێزانەکان (ژمارەکە دەوڵەمەندنەکراوە) | ژمارەی خێزان (ژمارەکە دەوڵەمەندکراوە) | گەڕانەوە بۆ ناوچەی زێد | مانەوە هەرلە شوێنی خۆیان | چوونە شوێنی سێیەم لە عێراق | چوونە دەرەوەی عێراق | بڕیارنەدراو |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| حەمدانیە | ٦٤ | ٩١٣ | ٪٣٠ | ٪٤٩ | ٪٣ | ٪١٧ | ٪٠ |
| حەویجە | ١٨٦ | ٢٠١٣ | ٪٤١ | ٪٥٣ | ٪٠ | ٪٠ | ٪٦ |
| قائیم | ٧٨ | ٣٨٩ | ٪٢٧ | ٪٦٠ | ٪٠ | ٪٤ | ٪٨ |
| خاڵص | ٥٦ | ١٥٩ | ٪٣١ | ٪٦٩ | ٪٠ | ٪٠ | ٪٠ |
| مقدادیە | ١٢٠ | ٢٥١ | ٪٢٥ | ٪٧٠ | ٪٠ | ٪٠ | ٪٥ |
| موسەیب | ٦٠ | ٥٢٧ | ٪٥٤ | ٪٤٤ | ٪٠ | ٪١ | ٪١ |
| بەعقوبە | ٦٦ | ٣٧٣ | ٪٢٨ | ٪٦٣ | ٪٠ | ٪٦ | ٪٣ |
| بێجی | ٣٤٢ | ٢٠٠٦ | ٪٥٢ | ٪٤٥ | ٪٠ | ٪١ | ٪١ |
| بەلەد | ٦٩ | ٦٥٤ | ٪٥٧ | ٪٣٧ | ٪٠ | ٪٠ | ٪٥ |
| داقوق | ٢٨ | ٥٦٣ | ٪٧١ | ٪٢٥ | ٪٠ | ٪٠ | ٪٤ |
| فەلوجە | ١٧٤ | ٧٣٩ | ٪٤٠ | ٪٥٠ | ٪٢ | ٪٠ | ٪٩ |
| کەرخ | ٤٦ | ١٩٧ | ٪٢٩ | ٪٧٠ | ٪٠ | ٪٠ | ٪١ |
| خانەقین | ١٠١ | ٣٢٣ | ٪٣٠ | ٪٦٦ | ٪٠ | ٪٣ | ٪١ |
| محمودیە | ٥٨ | ٢٢٧ | ٪٣٤ | ٪٦٦ | ٪٠ | ٪٠ | ٪٠ |
| موسڵ | ٥٩٢ | ٣٧٩٥ | ٪٢٥ | ٪٦٥ | ٪٢ | ٪٣ | ٪٥ |
| ڕوومادی | ١٤٨ | ١٠٠٦ | ٪٤٥ | ٪٥١ | ٪٠ | ٪٠ | ٪٤ |
| شنگال | ٥٠١ | ٥٦٤٢ | ٪٥٤ | ٪٣٩ | ٪١ | ٪٢ | ٪٣ |
| تەلەعفەر | ٢٤٥ | ٢٧٢٢ | ٪٤٤ | ٪٥٢ | ٪٢ | ٪١ | ٪١ |
| تکریت | ٧٦ | ٦٤١ | ٪٣٩ | ٪٥٤ | ٪٢ | ٪٢ | ٪٣ |
| توزخورماتوو | ٣٨٤ | ٢٩٦٤ | ٪٦٣ | ٪٣٥ | ٪١ | ٪٠ | ٪٢ |

پاشکۆی ١٣: ویستی گەڕانەوە و هۆکارە پاڵنەرە سەرەکییەکان لە ناوچەی زێد (تەنیا قەزایە سەرەکییەکانی زێد).

| قەزای زێد | ناجێگیری ئەمنی لە ناوچەی زێد | نەبوونی شوێنی نیشتەجێبوون لە شوێنی زێد | نەبوونی دەرفەتە ئابوورییەکانی لە ناوچەی زێد | نەبوونی خزمەتگوزارییە بنەڕەتییەکان لە ناوچەی زێد | ترس و کۆستی دەروونی پەیوەست بە گەڕانەوە | گەڕانەوە ڕێگریلێکراوەکان | کێشە و گرفتە ئەمنییەکانی نەبوونی پیشینەی تاوان | کێشەو گرفتە عەشایەرییەکان و ئاشتبوونەوە |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| حەمدانیە | ٪٢٧ | ٪١١ | ٪١٣ | ٪٢٧ | ٪٣ | ٪٠ | ٪٣ | ٪٠ |
| حەویجە | ٪١٥ | ٪٣٤ | ٪١٢ | ٪٢ | ٪٢ | ٪٠ | ٪٠ | ٪٠ |
| قائیم | ٪٦٢ | ٪١ | ٪١ | ٪٤ | ٪٠ | ٪٠ | ٪٠ | ٪٠ |
| خاڵس | ٪١٥ | ٪٥٦ | ٪٤ | ٪٤ | ٪٠ | ٪٠ | ٪٠ | ٪٠ |
| مقدادیە | ٪٣٦ | ٪٢١ | ٪١٩ | ٪٠ | ٪٣ | ٪٣ | ٪٠ | ٪٨ |
| موسەیب | ٪٧٢ | ٪٥ | ٪٩ | ٪٧ | ٪٨ | ٪٢١ | ٪٤ | ٪٠ |
| بەعقوبە | ٪٣٦ | ٪٣٠ | ٪٥ | ٪٩ | ٪٠ | ٪٠ | ٪٠ | ٪٢ |
| بێجی | ٪٣٢ | ٪٢٩ | ٪١٢ | ٪٩ | ٪٥ | ٪٠ | ٪٠ | ٪٠ |
| بەلەد | ٪٥٨ | ٪٣٣ | ٪١٢ | ٪١٦ | ٪٠ | ٪٦ | ٪٠ | ٪٠ |
| داقوق | ٪٢٤ | ٪٦٥ | ٪١٢ | ٪٦ | ٪٠ | ٪٠ | ٪٠ | ٪٠ |
| فەلوجە | ٪١٨ | ٪٨ | ٪٢٦ | ٪٣ | ٪٠ | ٪٠ | ٪٠ | ٪٠ |
| کەرخ | ٪٩١ | ٪٢٦ | ٪٠ | ٪٦ | ٪٧ | ٪٠ | ٪٠ | ٪٠ |
| خانەقین | ٪٢٧ | ٪٦ | ٪٦ | ٪٤ | ٪٠ | ٪٢ | ٪٨ | ٪٠ |
| محمودیە | ٪٦٦ | ٪٣٩ | ٪٠ | ٪٢١ | ٪٠ | ٪٠ | ٪٠ | ٪٠ |
| موسڵ | ٪١٣ | ٪٣٨ | ٪٨ | ٪١٧ | ٪٤ | ٪٠ | ٪٠ | ٪٠ |
| ڕوومادی | ٪٣٩ | ٪٢١ | ٪١٣ | ٪٦ | ٪٠ | ٪٠ | ٪٠ | ٪٠ |
| شنگال | ٪٤٥ | ٪٢٧ | ٪١٣ | ٪١٧ | ٪٨ | ٪٥ | ٪٣ | ٪٣ |
| تەلەعفەر | ٪١٤ | ٪٣٠ | ٪١٠ | ٪٧ | ٪٤ | ٪٤ | ٪٢ | ٪٠ |
| تکریت | ٪٢٨ | ٪٢٥ | ٪١٢ | ٪١١ | ٪٧ | ٪١٠ | ٪١٣ | ٪٠ |
| توزخورماتوو | ٪٣٧ | ٪٢١ | ٪١٨ | ٪٣٤ | ٪٢ | ٪١ | ٪٥ | ٪١ |

پاشکۆی ١٤:هۆکارەکانی گرژی لەناوچەی زێد (تەنیا قەزایە سەرەکییەکانی زێد)

| قەزای زێد | خانوو بۆ نیشتەجێبوون ناشێت (دارماوە یان زۆر بەخراپی داڕووخاوە) (ڕێژەی سەدی خاوەن خانووەکان) | بەڵگەی خاوەندارییەتیکردن بزربووە، دزراوە یان دەستی بەسەردا گیراوە (ڕێژەی سەدی خاوەن خانووەکان) | هەرگیز بەڵگەی خاوەندارییەتیکردنیان نەبووە (ڕێژەی سەدی خاوەن خانووەکان) | هەوڵی گەڕانەوەی داوە | پێش ساڵی ٢٠١٤ ئاوارەبووە | هیچ زانیارییەکیان لەسەر ناوچەی زێد نییە |
|---|---|---|---|---|---|---|
| حەمدانیە | ٪٤٨ | ٪٧ | ٪١١ | ٪٣٣ | ٪١٩ | ٪١٩ |
| حەویجە | ٪٧٧ | ٪٢ | ٪٧٤ | ٪٢٩ | ٪٤ | ٪١٩ |
| قائیم | ٪٥٦ | ٪١٠ | ٪١٢ | ٪١٩ | ٪١٨ | ٪٢٣ |
| خاڵص | ٪٩٠ | ٪١٧ | ٪٢٨ | ٪٤١ | ٪٢١ | ٪٢٥ |
| مقدادیە | ٪٦١ | ٪٢٣ | ٪٢٢ | ٪٣٦ | ٪٢٩ | ٪٣٨ |
| موسەیب | ٪٥٢ | ٪٣٤ | ٪١١ | ٪١١ | ٪١٦ | ٪٣٧ |
| بەعقوبە | ٪٣٢ | ٪١٢ | ٪١٠ | ٪١٠ | ٪١٨ | ٪١٠ |
| بێجی | ٪٨٤ | ٪١٣ | ٪١٢ | ٪٤٢ | ٪٧ | ٪١٣ |
| بەلەد | ٪٨١ | ٪٢٦ | ٪١٩ | ٪١٩ | ٪١٣ | ٪٢٠ |
| داقوق | ٪٨٤ | ٪١ | ٪٨٣ | ٪٣٣ | ٪٢ | ٪٢١ |
| فەلوجە | ٪٧٨ | ٪٨ | ٪٤ | ٪٣٤ | ٪١٩ | ٪٢١ |
| کەرخ | ٪١٥ | ٪٦ | ٪٧ | ٪١٣ | ٪١٤ | ٪٢ |
| خانەقین | ٪٧٩ | ٪٢٥ | ٪٣٢ | ٪٢٢ | ٪٢٧ | ٪٢٩ |
| محمودیە | ٪٧٣ | ٪٢٤ | ٪٦ | ٪٥ | ٪٨ | ٪٢١ |
| موسڵ | ٪٥٧ | ٪١٢ | ٪٢٠ | ٪١٤ | ٪١٠ | ٪٢١ |
| ڕوومادی | ٪٧٣ | ٪٣٠ | ٪١٠ | ٪٤٧ | ٪٧ | ٪١١ |
| شنگال | ٪٨٣ | ٪١٤ | ٪٤٧ | ٪١٣ | ٪٩ | ٪٣٥ |
| تەلەعفەر | ٪٧٩ | ٪١٢ | ٪٤٤ | ٪٣٤ | ٪١٢ | ٪٢١ |
| تکریت | ٪٧٩ | ٪١٠ | ٪٢ | ٪٤٠ | ٪٧٨ | ٪٥ |
| توزخورماتوو | ٪٨٨ | ٪٦ | ٪٥٨ | ٪٦٣ | ٪٥٢ | ٪٢١ |

پاشکۆی ١٥: خواست و ویستەکان بەپێی تایبەتمەندییەکان

| | | گەڕانەوە شوێنی زێد | مانەوە لە شوێنەکانی ئێستایان | چوونە شوێنی سێیەم لە عێراق | چوونە دەرەوەی عێراق | بڕیارنەدراو |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ڕەگەزی سەرۆکی خێزان | نێر | ٪٤٢ | ٪٥٢ | ٪١ | ٪٢ | ٪٣ |
| | مێ | ٪٣٥ | ٪٥٧ | ٪١ | ٪٣ | ٪٤ |
| | کۆی گشتی | ٪٤١ | ٪٥٣ | ٪١ | ٪٢ | ٪٤ |
| باری خێزانداری سەرۆکی خێزان | خێزاندار | ٪٤١ | ٪٥٢ | ٪١ | ٪٢ | ٪٣ |
| | دیارنەمانی هاوسەر | ٪٣٦ | ٪٥٦ | ٪٠ | ٪٠ | ٪٨ |
| | سەڵت | ٪٤٤ | ٪٥٣ | ٪٣ | ٪٠ | ٪١ |
| | بێوەژن | ٪٣٥ | ٪٥٧ | ٪٢ | ٪٢ | ٪٥ |
| | جیابۆوە | ٪٥٢ | ٪٤٠ | ٪٠ | ٪٠ | ٪٨ |
| | تەڵاقدراوە | ٪١٩ | ٪٧١ | ٪٠ | ٪٨ | ٪٣ |
| باری فەرمانبەربوونی سەرۆکی خێزان | نەخێر | ٪٣٧ | ٪٥٦ | ٪١ | ٪٣ | ٪٣ |
| | بەڵێ | ٪٤٣ | ٪٥٠ | ٪١ | ٪٢ | ٪٤ |
| سەربە کەمە ئاینی - نەتەوەیی بوون | موسڵمانی سوننەی عەرەب | ٪٤٣ | ٪٥١ | ٪١ | ٪١ | ٪٤ |
| | موسڵمانی شیعەی عەرەب | ٪٢٤ | ٪٤٧ | ٪٣ | ٪٢٣ | ٪٤ |
| | موسڵمانی سوننەی کورد | ٪٢٩ | ٪٦٣ | ٪٠ | ٪٣ | ٪٥ |
| | موسڵمانی شیعەی کورد | ٪٦١ | ٪٣٤ | ٪٠ | ٪٢ | ٪٣ |
| | کوردی یەزدی | ٪٥٠ | ٪٣٩ | ٪٠ | ٪٩ | ٪٢ |
| | مەسیحی کلدانی | ٪٢٢ | ٪٥٧ | ٪٠ | ٪٢١ | ٪٠ |
| | مەسیحی (نازانرێت گروپی کەمە ئاینی - نەتەوەیی چیە) | ٪١٢ | ٪٦٨ | ٪٤ | ٪١٦ | ٪٠ |
| | موسڵمانی سوننەی تورکمان | ٪٥١ | ٪٤٥ | ٪٢ | ٪١ | ٪٠ |

| | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| پارێزگای زێد | ئەنبار | ٪٣٨ | ٪٥٤ | ٪١ | ٪١ | ٪٧ |
| | بابل | ٪٥٦ | ٪٤٣ | ٪٠ | ٪٠ | ٪١ |
| | بەغدا | ٪٢٤ | ٪٧١ | ٪٠ | ٪٢ | ٪٢ |
| | بەسرە | ٪٠ | ٪١٠٠ | ٪٠ | ٪٠ | ٪٠ |
| | دیالە | ٪٢٩ | ٪٦٦ | ٪٠ | ٪٣ | ٪٢ |
| | هەولێر | ٪١٠٠ | ٪٠ | ٪٠ | ٪٠ | ٪٠ |
| | کەرکووک | ٪٤٤ | ٪٥٢ | ٪٠ | ٪٠ | ٪٥ |
| | نەینەوا | ٪٣٨ | ٪٥٣ | ٪٢ | ٪٣ | ٪٣ |
| | سەڵاح الدین | ٪٥٣ | ٪٤٢ | ٪١ | ٪٢ | ٪٢ |
| | سلێمانی | ٪٠ | ٪١٠٠ | ٪٠ | ٪٠ | ٪٠ |
| | واست | ٪٠ | ٪١٠٠ | ٪٠ | ٪٠ | ٪٠ |
| ژمارەی ئاوارە بوونەکان | یەکجار ئاوارەبوون | ٪٣٨ | ٪٥٥ | ٪١ | ٪٣ | ٪٣ |
| | دووجار یان زیاتر ئاوارەبوون | ٪٤٥ | ٪٤٨ | ٪١ | ٪٢ | ٪٤ |
| وەکو ئاوارە دیاریکراوە | نەخێر | ٪٣٤ | ٪٥٩ | ٪٢ | ٪٣ | ٪٣ |
| | بەڵێ | ٪٤٢ | ٪٥١ | ٪١ | ٪٢ | ٪٤ |
| | نازانم | ٪٣٧ | ٪٣١ | ٪٣ | ٪٤ | ٪٢٥ |
| بەر لە ساڵی ٢٠١٤ ئاوارەبووە | نەخێر | ٪٤٢ | ٪٥١ | ٪١ | ٪٢ | ٪٤ |
| | بەڵێ | ٪٣٠ | ٪٦٣ | ٪١ | ٪٥ | ٪١ |

## ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کۆچ لە عێراق


iraq.iom.int
iomiraq@iom.int

ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کۆچ لە عێراق
کۆمەڵگەی یۆنامی (دیوان ٢
ناوچەی نێودەوڵەتی بەغدا-عێراق

@IOMIraq


IOM UN MIGRATION
UKaid from the British people
IPAZIA RICERCHE


© ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کۆچ لە عێراق (IOM) ٢٠٢١

نابێت هیچ بەشێکی ئەم بڵاوکراوەیە دووبارە بەرهەمبهێنرێتەوە، لە نێو سیستەمێکی گەڕاندنەوەدا هەڵبگیرێت، یان بگوازرێتەوە بەهەرجۆرێک یان ڕێگە و هۆکارێکی ئەلیکترۆنی، میکانیکی، چاپکردن و تۆمارکردن، بەبێ مۆڵەتپێدانی بەنووسراوی پێشوەختەی لایەنی بڵاوکەرەوە.